# چەمك و ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە لە ناوچە دەوڵەمەندەكان بە سەرچاوە سروشتیەكان (هەرێمی كوردستاندا بە نمونە)

د. سەروەر محمد عبدالله*

وشە کلیلییەکان: ئاسایش، ئاسایشی وزە، ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە، هەرێمی كوردستان
https://doi.org/10.31271/jopss.10093

**پوختە**

خاڵی دەستپێکی ئەم توێژینەوەی بریتییە لە ناساندنی چەمکی ئاسایشی وزە، پاش شیکار کردنی پێناسەی ئاسایشی وزە ئەوەمان بۆ ڕوون بویەوە کە چەمکی ئاسایشی وزە وابەستەی چواچێوەی بەكارهێنانێتی، واتە ئاسایشی وزە مانای جیاوازی هەیە بۆ ووڵاتانی هاوردەكارو وهەناردەكاری وزە. بۆ ووڵاتانی هاوردەكار چەمكی ئاسایشی وزە بریتیە لە دەستەبەركردن و هەمەچەشنكردنی سەرچاوەكانی دابینكردنی وزە بە نرخێكی گونجا و بە بێ پچران. بەڵام بۆ دەوڵەتانی هەناردەكار چەمكی ئاسایشی وزە بریتییە لەدڵنیا بوون لەسەر خواست لەسەر وزەكەیان بەنرخێكی كێبڕكێكار بەمەبەستی دەستەبەركردنی دەرامەتی جێگیرلە ئاستێكی ئاسایدا وپاراستنی ووڵات لەو شۆكانەی لە بازاری وزەدا دروست دەبن. وەك وەبەرهێنەرێكی نوێ، هەرێمی كوردستان لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەكی بریتیە لە جێگەكردنەوەی خۆی لەسەر نەخشەی جیهانی وزەدا و زیادكردنی هەناردەكردنی نەوت بۆ دەرەوە و دەستەبەركردنی داهاتێكی جێگیر. سەبارەت بە پرسی ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە و توانای جێ بەجێكردنی هەر چوار ڕەهەندەكە (بوون، گونجاوی نرخ، دەستڕاگەیشتن و قبوڵكردني- وزە) بەسەر هەرێمدا، بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ هەرێم كاری لەسەر لە بەرەو پێشبردنی دوو لە ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە كردوە وەك بوونی وزە و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی دەرەكی بۆ ناردنە دەرەوەی وزەكەی، بەڵام لە واقیعدا دوو لە ڕەهەندەكانی تر وەك قبوڵكردن و گەشەپێدانی توانا ناوخۆییەكان و بە هێزكردنی ژێرخانی وزە بە بەراوورد بە كەیسی ووڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە، هەرێم زۆر لە دواوەیە. ئەو ئەنجامەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەشتووە ئەوەیە كە ئاسایشی وزە لە هەرێمدا بەهۆی هۆكارە ناوخۆیی و هەرێمییەكانەوە ئاسایشێكی لەرزۆكە و لە ژێر مەترسیدایە.

**الملخص:**

**مفهوم أمن الطاقة وأبعاده في المناطق الغنية بالموارد الطبيعية (أنموذج إقليم كردستان)**

تهدف الدراسة الى معرفة مفهوم أمن الطاقة. وتحليل ابعاده ،لاسيما بعد  أن اضحى مفهوم أمن الطاقة يعتمد على سياق الاستخدامه، اذ أنه استخدم بمعانٍ متعددة و مختلفة تعتمد بصورة جوهرية

---

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە كۆلێجی زانستە ڕامیارییەكان- زانكۆی سلێمانی sarwar.abdulla@univsul.edu.iq

على فهم البلدان المستوردة والمصدرة لها. فالبلدان المستوردة ركزت في مفهوم أمن الطاقة على توافر وتنويع مصادر إمدادات الطاقة، و بأسعار معقولة ودون انقطاع. اما البلدان المصدرة فركزت في مفهوم أمن الطاقة على ضمان الطلب على الطاقة بأسعار تنافسية من أجل ضمان دخل مستقر عند المستوى الطبيعي وحماية الدولة من الصدمات في سوق الطاقة. من هنا انطلق اقليم كوردستان في فهمه لامن الطاقة ضمن مفهوم الدول المصدرة وسعى بصورة حثيثة الى تحقيق هدف اساس هو وضع الاقليم على خارطة الطاقة العالمية وزيادة صادراته من النفط. ومن جانب اخر سعى الاقليم الى تحقيق ابعاد أمن الطاقة وهي: ( توافر السعر، وملاءمته، وإمكانية الوصول والمقبولية)، ومحاولة تعزيزها بمختلف الوسائل، ويبدو انه نجح في بعدين اساسيين وهما: (توافر السعر وملاءمته)؛ لكنه أخفق في البعدين الآخرين وهما(تطوير القدرات المحلية وتعزيز البنية التحتية للطاقة والمقبولية). وعلى اساس ما تقدم خلصت الدراسة إلى نتيجة مفادها " أن أمن الطاقة في أقليم كوردستان- العراق مازال هشاً ومهدّداً بسبب مجموعة من العوامل منها ما يتعلق بضعف التخطيط الاستراتيجي لامن الطاقة ،واخرى تتعلق بالفواعل الاقليمية والدولية.

**Abstract**

**The Concept and Dimensions of Energy Security in the Natural Resources-rich Areas (Kurdistan Region Model)**

The study aims to examine the concept of energy security and the analysis of its dimensions. It became clear that the concept of energy security is context-dependent. It depends fundamentally on the perspective of the importing and exporting countries. For the importing countries, the concept of energy security focuses on the availability and diversification of energy supplies at reasonable prices and without any interruption. But for the exporting countries, it focuses on ensuring the demand for energy at competitive prices to ensure stable income at the normal level and to protect the state from any shocks in the energy market. The Kurdistan Region began its understanding of energy security within the perspective of exporting countries. So its priority is to place itself on the global energy map and increase its oil exports. It attempts to achieve energy security through four dimensions - availability, affordability, accessibility and acceptability. While it has succeeded in achieving availability and accessibility (gaining access to foreign markets), it has not succeeded in achieving acceptability and affordability i.e. strengthening energy infrastructure. The conclusion of this study is that energy security in the Kurdistan region is vulnerable because of weak strategic infrastructure planning in the face of threats from regional and international actors.

# پێشەکی

لەم ساڵانەی دوایدا چەمکی ئاسایشی وزە سەرنجی زۆرێك لە ناوەندە ئەکادیمی و دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و تەنانەت کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانیەکانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ژمارەی توێژینەوەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە بواری ئاسایشی وزەدا لە گەشە دایە. بەڵام زۆربەی ئەو ئەدەبیاتەی بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئاسایشی وزە باس لە ئاسایشی ووزەی ووڵاتانی هاوردەکار دەکاتەوە و سەرەنجیان لەسەر بەردەست بوونی سەرچاوەکانی وزەیە بەبێ پچران و بەنرخێکی گونجاو و دڵنیا بوون لە هەمە چەشنەکردنی سەرچاوەکانی دابینکردن. ئەوەی تێبینی دەکرێت بۆشاییەکی زانستی هەیە ئەویش ئاسایشی وزە بۆ ووڵاتانی هەناردەکار کەمتر بووەتە جێگەی بایەخی توێژەران. هەرێمی کوردستانیش وەک هەرێمێکی نوێی دەوڵەمەند بەسەرچاوەکانی وزە بووەتە جێگەی سەرنجی توێژەران لە بواری وزە. چیرۆکەکە لەو کاتەوە سەرنجی میدیای گەورەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە لە پەرەسەندنی یەدەگی گەورەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥، هەروەها بڵاوکراوەیەکی بەرفراوان لەسەر سیاسەتی وزە لە ناوچەکە هەبووە، هەندێکی دیکەش لەسەر لە پیشەسازییە پسپۆڕەکانی بواری نەوت. سەرەڕای ئەم زیاد بوونی لێکۆڵینەوە لە بواری پرسی وزەی هەرێمدا بەڵام کاری شیکاری کەمتر هەبووە کە سەرنجی لەسەر پرسی ئاسایشی وزە بێت. تا کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر پرسی ئاسایشی وزە لەسەر هەرێم ئەنجام نەدراوە و شیکار و هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای بە هێزی و لاوازی ئاسایشی وزەی هەرێم نەکراوە. بەشداری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە شیکار کردنی ڕەوت و چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ ووڵاتانی هەناردەکار لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە بریتیی دەبێت لە گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەمان کە خۆی دەبینێتەوە لەشیکار و هەڵسەنگاندنی ئاسایشی وزەی هەرێم.

### پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ئایا چەمکی ئاسایشی وزە و ڕەهەندەکانی مانایان چیە بۆ هەرێمي کوردستان، ئایا هەرێم ئاسایشی وزەی هەیە، ئەگەر هەیە ئایا هەرێمی کوردستان ئاسایشی وزەکەی بەهێزە؟

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی شیکاری چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بکات و دواتر جێبەجێی بکات بەسەر هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی بزانرێت هەمان مانایان هەیە بۆ هەرێمی کوردستان یان چەمك و ڕەهەندەکانی وزە مانایەکی جیاوازیان هەیە لە میانی (کۆنتێکسی) هەرێمدا.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بواری ئاسایشی وزە کەمتر بووەتە جێگەی

سەرەنجی توێژەران لە وولاتە دەوڵەمەندەكان بە سەرچاوەكانی وزە، ئەوەی تێبینی دەكرێت زۆرێك لە توێژینەوەكان زیاتر باس لە ئاسایشی وزەی وولاتانی هاوردەكەر دەكەن وە زیاتر جەخت لەسەر بەردەست بوونی وزەی پێویست بۆ وولاتانی هاوردەكار دەكەنەوە. بەڵام توێژینەوە لە بواری ئاسایشی وزە لە وولاتانی هەناردەكەری وزە كەمتر بووەتە جێگەی سەرنجی توێژەران، تا ئێستا توێژینەوە لەم بوارەدا نەكراوە لە هەرێمی كوردستاندا بۆیە وەك ناوچەیەكی نوێی هەناردەكەری نەوت توێژینەوە لەم بوارەدا دەبێتە پڕكردنەوەی بۆشایەكی معرفی لە ئەدەبیاتی بواری وزەدا. زیاتر لەوەش، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەكی زانستی لە ناوەندە ئەكادیمیەكاندا و ڕێنیشاندەرێكیشە بۆ دروستكەرانی بڕیاری سیاسی بۆ پێداچوونەوە لە سەر خاڵە لاواز و بەهێزەكانی ئاسایشی وزەی هەرێم.

### میتۆدی توێژینەوەك:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەكەمان و هەڵسەنگاندنی ئاسایشی وزەی هەرێم وەك ناوچەیەكی نوێی دەوڵەمەند بە سەرچاوەكانی نەوت وگاز، پشتمان بە میتۆدی وەسفی بە ستووە بۆ ڕوونكردنەوەی چەمك و مانای ئاسایشی وزە و ڕەهەندەكانی. هەروەها بە مەبەستی شیكاركردنی واقعی ئاسایشی وزە لە هەرێمدا و زیاتر قوڵبوونەوە لە خستنە ڕووی ئەو كێشە وئاڵنگارییانەی كە ڕوبەڕووی ئاسایشی وزەی هەرێمی كوردستان بۆتەوە میتۆدی شكاری چۆنیەتی بەكارهاتووە لە یەك كەیسدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە نوسەر ٨ چاوپێكەوتنی بە شێوەی ڕووبەڕوو یان لە ڕێگەی وپەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ كەسانی شارەز وتایبەمەندی بوارەكە ئەنجامداوە. سەرباری ئەم داتایانە كۆمەڵێک سەرچاوەی كتێبخانەیی وگۆڤار وڕاپۆرت وداتای فەرمی بڵاوكراوە وبڵاونەكراوە وەك بەكارهێنانی بەڵگەنامە و سیاسەتی وزە لە هەرێمدا لەم توێژینەوەیەدا بەكار هاتووە.

### پەیكەری توێژینەوەكە:

سەرباری پوختە وپێشەكی ودەرئەنجام، توێژینەوەكە خۆی لە دوو باسی سەرەكیدا دەبینێتەوە كە هەر باسێك چەن تەوەرەیەك لە خۆ دەگرێت؛ لە باسی یەكەمدا چەمكی ئاسایشی وزە خراوەتەڕوو لە سێ تەوەرەی سەرەكیدا: لە تەوەرەی یەكەمدا تیشك خراوەتە سەر چەمك و مانای ئاسایشی وزە، تەوەری دووەمدا چەمك و مانای ئاسایشی وزە بۆ وولاتە هاوردەكارەكان خراوەتەڕوو؛ لە تەوەری سێیەمدا ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە بە شێوەی تیوەری خراوەتە ڕوو. باسی دووەم تایبەتە بە خستنە ڕووی پرۆفایلی وزەی هەرێمی كوردستان و لایەنی پراكتیكی و جێبەجێ كردنی چەمك و ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە بەسەر واقعی وزەی هەرێمدا. ئەم باسە لە سێ تەوەردا خراوەتە ڕوو ئەویش: تەوەری یەكەم تایبەتە بە خستنەڕووی باكگراوندی وزەی هەرێم ، تەوەرەی دووەم: بریتیە لە خستنە ڕووی مانا و چەمكی ئاسایشی وزە بۆ هەرێم، تەوەرەی سێیەم: شیكاری مانای ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە بۆ هەرێمی كوردستان.

## باسي یەکەم: چەمک و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە (چوارە چێوەی تیۆری)

ئەم باسە لە سێ تەوەردا خراوەتە ڕوو ئەویش: تەوەری یەکەم شیکاری چەمکی ئاسایشی وزە و تەوەرەی دووەم تایبەتە بە مانای ئاسایشی وزە بۆ هاوردەکاران تەوەری سێیەم باس لە مانای ئاسایشی وزە بۆ هەناردەکاران لە کۆتاییدا تەوەرەی چوارەم شیکاری ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە.

### تەوەری یەکەم: چەمکی ئاسایشی وزە

بۆ تێگەیشتنێکی قوڵ لە چەمکی ئاسایشی وزە وا باشترە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ خودی چەمکی ئاسایش. چەمکی ئاسایش لای باڵدوین بریتیە لە" ئەگەری کەمی زیانگەیاندن بە بەها بەدەستهێنراوەکان". ئەویش زیاتر جەختکردنەوەیە لە ئەگەری کەمکردنەوەی زیانگەیاندن بە بەها بەدەستهاتووەکانی ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی ژینگەیی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی سەربازی کە ئەمانە فۆرمی جیاوازی ئاسایشن نەك چەمکی جیاواز لە بنەرەتدا[١]. ئەم تێگەشتنە بە شێوەیەکی لۆجیکی بۆ ئاسایشی وزەش دەگونجێت واتە چەمکی ئاسایشی وزە دەبێت لەسەر بنەمای چەمکی ئاسایش بە گشتی هەڵهێنجرا بێت. بەڵام دیسانەوە کارەکتەری فرە ڕەهەندی ئاسایشی وزە وای کردووە کە گەشتن بە پێناسەیەکی تەواو گشتگیر تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەم بێت. مانای ئاسایشی وزە و ناساندنی لە سیاقێکی دیاریکراودا پێشمەرجێکی بنەرەتیە بۆ شیکردنەوەی ڕەوتەکانی ئاسایشی وزە لە ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا. ڤاڵیدس پێی وایە زۆربەی توێژینەوەکان پێناسەیەکی فەرمی و پوختیان نیە بۆ ئاسایشی وزە، چونکە زۆرێك لە پێناسەکانی ئاسایشی وزە لایەنە سەرەکیەکانی ئاسایشی وزە لە خۆ ناگرن[٢]. یەکێك لە دیاترین توێژینەوەی بواری ئاسایشی وزە بریتیە لە توێژینەوەکەی ویڵریچ لە ساڵی ١٩٧٦ سەبارەت بە پرس و بژاردە نێودەوڵەتیەکانی وزە، کە تێیدا نوسەر شیکارێکی ووردی کەرتی وزە دەکات و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ئابووری نیشتمانی و ئابووری جیهانی و هەروەها لێکەوتە ژینگەییەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دەستنیشان دەکات. ویڵریچ لە توێژینەوەکەیدا دەڵێت ئاسایشی وزە مانایەکی جیاوازی هەیە لە وولاتێکی دەوڵەمەند و بەرهەمهێن لەگەڵ وولاتێکی هاوردەکار. بۆ وولاتێکی بەرهەمهێن گەرەنتیکردنی کڕیار و هێشتنەوەی خواست و پاراستنی نرخی وزە بە جێگیریی لە بازاڕدا مەبەستی سەرەکییە کە پێی دەڵێن پاراستنی "ئاسایشی خواست لەسەر وزە"، بەڵام بۆ وولاتێکی هاوردەکار گەرەنتی دابینکردنی وزەی پێویست بە بێ پچران لە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاوازە و بە نرخێکی گونجاو[٣]. بەڵام گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە قوڵی نەچووەتە نێو یەك دوو کەیسەوە، بەڵکو و بە شێوەیەکی گشتگیر باسی ئاسایشی وزەی لای

[1] Baldwin, D.A., 1997. The concept of security. Review of international studies, 23(1), pp.5-26.

[2] Valdés, Javier. "Arbitrariness in multidimensional energy security indicators." Ecological Economics 145 (2018): 263-273.

[3] Willrich, M., 1976. International energy issues and options. Annual Review of Energy, 1(1), pp.743-772.

هاوردەكار و هەناردەكار كردووە.

هەوڵێكی دیكە بۆ تێگەیشتن لە چەمك و مانای ئاسایشی ووزە بریتیە لە لێكۆڵینەوەی چێرپ و جۆیل لە ساڵی ٢٠١٤ كە ئەوان سەرنجیان لەسەر ئاسایشی وزە وەك خۆیەتی بە جەختكردنەوە لەوەی كە كاتێك باس لە ئاسایشی وزە دەكەین پێویستە بپرسین ئاسایشی وزە لە چی بپارێزین؟ بۆیە لەم روانگەیەوە وەصفی ئاسایشی وزە دەكەن بە شێوەیەكی فراوانتر و بروایان وایە ئاسایشی وزە بریتیە لە "كەم كردنەوەی مەترسییەكان لەسەر سیستەمی وزە"[١]. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە مانای مەترسیەكان چین ڕەنگە مەترسیەكان سروشتی و سیاسی وكۆمەڵایەتی... هتد بن. ئەم پێناسەیە پارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چەمك و مانای ئاسایشی وزە بە شێوەیەكی گشتگیر بەڵام هێشتا (ئەبستراكتە) واتە نمونەی نیە و نامان گەیەنێتە پێناسەیەكی ڕوون لە سیاقێكێكی دیاریكراودا.

بۆیە لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئاسایشی وزە چەمكێكی نا ڕوونە. هەروەها ئەزیون وبریەر نیشانی دەدەن كە زۆربەی پێناسەكانی ئاسایشی وزە تەسك و ناتەواون، ئەوان لە ناساندنی چەمكی ئاسایشی وزەدا پێیان وایە دەبێت ١٥ تا ٢٠ ڕەهەندی سەرەكی لە خۆ بگرێت[٢]. كەواتە گفتوگۆكردن لەسەر ئەم بابەتی پێناسەكردنە كۆتایی نایەت، بۆیە لێرەدا ئەچینە سەر ئەو پێناسەیەی كە سۆڤاكۆڵ و كۆمەڵێك نوسەری دیكە پێشكەشیان كردوە ئەویش بریتیە لە بەردەست بوونی وزەی پێویست بە شێوەیەكی دادپەروەرانە كە حەوت ڕەهەندی لە خۆگرتووە كە بریتین لە: بەردەستبوونی وزە، گونجاوی نرخ، گونجاوی بۆ ژینگە، لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە قبوڵكراو بێت، كارا و متمانە پێكراو بێت[٣]. هەرچەندە ئەم پێناسەیە زیاتر بەلای ئاسایشی وزەی وولاتانی هاوردەكاردا دەروات بەڵام ڕەنگە هەمان ڕەهەند لە وولاتێكی هەناردەكاردا مانای جیاوازی هەبێت كە پێویست بەوە نەكات بیر لە گۆڕینی ڕەهەندەكان بكرێتەوە.

بۆ زیاتر وردەكاری لەم توێژینەوەدا، بڕوامان وایە چەمكی ئاسایشی وزە جیاوازە نەوەك تەنها لە تەواوی بابەتە ئەكادیمیەكاندا بەڵكو لە وولاتێكەوە بۆ وولاتێكی تر ئەگۆڕێت بەپێی ئەوەی ئایا وولاتەكە هاوردەكاری ووزەیە یان هەناردەكاری وزەیە. مانای فراوانتری ووزە تاڕادەیەكی زۆر بە هۆی ئەو ڕێوشوێنانەیە كە بۆ پاراستن یان بەدەسهێنانی ئاسایشی وزەیە. لێرەدا دیدگا جیاوازەكانی ئاسایشی وزە شیكار دەكەین بۆ ئەوەی لەوە بگەین چۆن ئەكتەرە جیاوازەكانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە چەمكی ئاسایشی وزە تێدەگەن.

[1] Cherp, A. and Jewell, J., 2014. The concept of energy security: Beyond the four As. Energy policy, 75, pp.415-421.

[2] Azzuni, Abdelrahman, and Christian Breyer. "Definitions and dimensions of energy security: a literature review." Wiley Interdisciplinary Reviews: Energy and Environment 7, no. 1 (2018): e268.

[3] Sovacool, Benjamin K., Ishani Mukherjee, Ira Martina Drupady, and Anthony L. D'Agostino. "Evaluating energy security performance from 1990 to 2010 for eighteen countries." Energy 36, no. 10 (2011): 5846-5853.

**تەوەرەی دووەم: مانای ئاسایشی وزە بۆ هاوردەکاران**

بۆ وولاتێك كە هاوردەکاری وزە ئاسایشی وزە پێش هەموو شتێك بریتییە لە ئاسایشی دابینکردنی ووزەی پێویست بۆپێداویستی دانیشتوان و پێداویستیە پیشەسازییەکان بەتایبەت لە دڵنیابوون لە هاوردەکردنی بێ پچرانی وزە بۆ کەرتەکانی کارەبا، گواستنە و گەرمکردنەوە و پیشەسازی کە کاریگەری لەسەر ژیانی رۆژانە هەیە. ویلرچ بڕوای وایە کە ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی وولاتانی هاوردەکارەوە بریتیە لە دڵنیایی لە دابینکردنی وزەی پێویست بۆ پاراستنی ئابووری نیشتمانی لە ئاستێکی ئاساییدا[١]. بەم شێوەیە وولاتانی هاوردەکار زیاتر خۆیان پەیوەستکردوە بە سیاسەتی دڵنیا بوون لە دابینکردنی وزەی پێویست و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی وزە و پەرەپێدانی سەرچاوەی ئەڵتەرناتیڤ وەك وزەی نوێبووەوە و داهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەمتر پشت بەهێنانی وزەی دەرەکی ببەستن. بۆیە دەبینین ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە کە ٣١ وولات ئەندامە تێیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هاوردەکارانی سەرەکی وزە پێکهاتوون، ئاسایشی وزە پێناسە دەکەن کە بریتیە لە "بەردەستبوونی سەرچاوەی وزە بێ پچران، بەنرخێکی گونجاو"[٢].

هەروەها وولاتانی یەکێتی ئەورووپاش ناوچەیەکی سەرەکی هاوردەکردنی وزەیە، ستراتیجیەتی ووزەی یەکێتی ئەوروپا باس لە هەردوو ئاسایشی وزەی کورت خایەن و درێژخایەن دەکات. ڕێوشوێنە کورت خایەنەکان زیاتر جەخت لەسەر خۆڕاگری بەرامبەر بە پچرانی دابینکردنی وزە دەکەنەوە بەڵام ڕێوشوێنە درێژخایەنەکان زیاتر پەیوەستن بە کەمکردنەوەی وابەستەبوون و پشت بەستن بەسەرچاوەی دەرەکی وزە، واتە هەمەچەشنکردنی وزە و گرنگی دان بە وزەی بدیل وەك پەرەپێدانی وزەی نوێبووەوە[٣]. وولاتێکی پیشەسازی خاوەن پێگەیەکی ئابووری بەهێزی وەك یابان بە تەواوی وابەستەی هاوردەکردنی وزەیە، کەواتە ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی ئەم وولاتەوە بریتیە لە ئاسایشی دابینکردن و گەیشتنی وزە لە جیهانەوە بۆ وولا بەبێ پچران[٤]. بەڵام ئەم وێنە تەواو پێچەوانەیە بۆ وولاتانی هەناردەکاری وزە، وەك لەم تەوەری خوارەوەدا باسی دەکەین.

---

[1] Willrich, M., 1976. International energy issues and options. Annual Review of Energy, 1(1), pp.743-772.

[2] Energy security Reliable, affordable access to all fuels and energy sources Available at: https://www.iea.org/topics/energy-security [accessed at: February, 2023].

[3] Biesenbender, Sophie. "The EU's energy policy agenda: Directions and developments." Energy policy making in the EU: Building the agenda (2015): 21-40.

[4] Japan is nervous about its energy security, Financial Times, Available at : https://www.ft.com/content/66c37158-801a-11e8-bc55-50daf11b720d [accessed at: 2 February, 2023].

**تەوەری سێیەم: مانای ئاسایشی وزە بۆ هەناردەكاران**

بە لەبەرچاو گرتنی سروشتی خۆیان وەك دابینكەری وزە دەتوانرێت بە "ئاسایشی خواست پێناسە بكرێت" بە گوتەی ویلریچ ئاسایشی خواست بۆ هەناردەكارانی وزە بریتیە لە "گەرەنتی دەستڕاگەیشتن بە بازارەكانی دەرەوە"[1]. لێرەدا گرنگە بۆ هەناردەكارانی وزە كە ئەو داهاتەی لە وزەوە دەستیان دەكەوێت بە جێگیریی بهێڵنەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش هەناردەكار پێویستی بە زیاتر لە یەك كڕیاری وزە هەیە بە جۆرێك دەتوانرێت ناوی لێبنرێت "هەمەچەشنكردنی خواست"[2]. زیاتر لەوەش، لە بەرژەوەندی بەرهەمهێنەرانی وزەیە كە خواست لەسەر بەرهەمەكانی وزە بە جێگیریی بمێنێتەوە، ئەمەش تارادەیەكی زۆر پەیوەستە بە جێگیریی پەیوەندییەكانی وڵاتانی بەرهەمهێن بە وڵاتانی پیشەسازی خۆرئاوا و لە ئێستا وڵاتانی نوێی پیشەسازی ئاسیاوە. بەڵام لەم چوارچێوەیەدا ئێمە زیاتر مەبەستمانە پێناسەیەكی شیاو بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەكان بەسەرچاوەی وزە دەست نیشان بكەین ئەویش بریتیە لە: ئاستی بەردەست بوونی سەرچاوەكانی وزەی وەك نەوت و گازی سروشتی و خەوڵوز و وزەی ئەتۆم و وزەی كارەبا بە شێوەیەك پێویستی ناوخۆ بە باشی پڕبكاتەوە دواترهەناردەی دەرەوە بكرێت كە زۆرترین سودی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەمترین كاریگەری نێگەتیڤی ژینگەیی لێبكەوێتەوە لەكاتی بەرهەمهێنان و گواستنە و ئەنباركردن و بەكارهێنانیدا. هەرچەندە ئەم پێناسەیە تێگەیشتنێكی گشتگیرە، بەڵام ئەم پێناسەیەش دیسانەوە لە هەر وڵاتیكی دەوڵەمەند بە وزە مانا و لێكدانەوەی جیاوازی بۆ كراوە بگرە تێگەیشتنی وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە جیاوازە و لە پلانی نەتەوەیی خۆیاندا تێگەیشتنی جۆرا وجۆریان بۆ ئاسایشی وزە هەیە. بۆ نمونە وڵاتێكی وەك كازاخستان لە پلانی گەشەپێدانی ستراتیجی خۆیدا بە ناونیشانی "كازاخستان ٢٠٣٠" ئاسایشی وزە وەك ئامرازێك دەبینێت بۆ بەهێزكردنی پێگەی ناوخۆی و دەرەكی خۆی كە تێیدا مەترسی لەسەر بەكارهێنەرانی ناوخۆ نەبێت و هەروەها كەمكردنەوەی مەترسی لەسەر پرۆسێسی دەرهێنان و گواستنەوە و بازرگانیكردنی وزە. لەم تێگەیشتنەوە بۆ چەمكی ئاسایشی وزە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە ئاسایشی وزەی كازاخستان زیاتر جەخت لەسەر پڕكردنەوەی پێداویستیە ناوخۆییەكان دەكاتەوە، واتە پێداویستییە وزەییەكانی نیشتمانی تێر بكات و لە هەمان كاتدا وزە ببێتە داهاتێكی نیشتمانی گرنگ لە ڕێگەی هەناردەكردنی بۆ دەرەوە[3]. هەروەها وڵاتێكی وەك ڕوسیا كە دەوڵەمەندترین وڵاتە بە سەرچاوەكانی نەوت و گازی سروشتی، لە پەرلەمانی ڕوسیا پلانێك پەسەندكراوە لە ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە ئاسایشی وزەی ڕوسیا تا ساڵی ٢٠٣٠ كە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی ئاسایشی وزەی كردوە: سیاسەتی حكومەت بۆ ئاسایشی وزە پێویستە ئەو كردار و

[1] Willrich, Mason. "International energy issues and options." Annual Review of Energy 1, no. 1 (1976): 743-772.

[2] Jakstas, Tadas. "What does energy security mean?." In Energy Transformation Towards Sustainability, pp. 99-112. Elsevier, 2020.

[3] Utegenova, Ailuna R. "Kazakhstan's 2030 development strategy: Significance and results." In OSCE Yearbook 2010, pp. 133-145. Nomos Verlagsgesellschaft mbH & Co. KG, 2011.

میكانیزمانه بگرێتەبەر بۆ دەستەبەر كردن ودڵنیا بوون لە دابینكردنی وزەی پێویست بۆ ناوخۆ و بۆ فرۆشتنی لە دەرەوە و پاراستنی ئەم دابینكردنە لە هەر هەڕەشەیەكی دەرەكی و ناوخۆیی كە بتوانێت زیانێكی گەورەی ئابووری بە كەرتی وزە بگەیەنێت. زیاتر لەوەش ئاسایشی وزەی ڕوسیا بۆ ساڵی ٢٠٣٠ بەدوای میكانیزمێكدا دەگەڕێت بۆ گەرەنتیكردنی خواستی داواكاران لەسەر وزەی ڕوسیا، چونكە داهاتی هەناردەكردنی وزە بۆ وولات بە سەرچاوەیەكی سەرەكی داهاتی نیشتمانی دادەنرێت و زۆربەی بەرنامە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سەربازی و تەكنۆلۆجیەكان پشت بە داهاتی نەوت وگاز دەبەستن. بۆیە لاوازی توانای كێبڕكێی ڕوسیا وەك هەڕەشەیەك وایە بۆ سەر ئاسایشی ئابووری و سیاسی وولات[١].

لەم ڕووەوە دەبینین ڕوسیا ئامانجی درێژخایەنی هەیە بۆ زیادكردنی بەردەستبوونی سەرچاوەكان و دەستڕاگەیشتن بە تەكنۆلوژیای مۆدێرن بۆ دەرهێنانی سەرچاوەی نوێی وزە، بەتایبەت لە ناوچەكانی قوڵایی دەریای جەمسەری باكور كە لە دوور مەودادا بە یەكێكتر لە ئامانجەكانی ئاسایشی وزەی ڕوسیا دادەنرێت. زیاتر لەوەش سێ خاڵی سەرەكی وای لە ڕوسیا كردووە كە ئاسایشی وزەكەی زیاتر بتەو بێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەویش: خاوەندارێتی هێڵی بۆری گواستنەوە، خاوەنی گەورەترین یەدەگی جیهانە، ڕێكەتنامە ماوە درێژەكانیش وەك دابینكەرێكی سەرەكی[٢]. وەك حاڵەتەكانی ڕوسیا و كازاخستان، ئاسایشی وزە بۆ وولاتێكی وەك ئێران بریتییە لە پڕكردنەوەی پێداویستیە ناوخۆییەكانی لە هەمانكاتدا هەناردەكردنی بۆ وولاتانی دەرەوە بە مەبەستی گەرەنتیكردنی سەرچاوەی داهات بۆ گەشەپێدانی وولات[٣]. بەهەمان شێوە وولاتێكی دەوڵەمەندی وەك ئازەربایجان چوار لایەنی دیاریكردوە بۆ ئاسایشی وزە كە بریتین لە: یەكەم ئاسایشی وزە پرسێكی ئاڵۆزە كە پێش هەموو شتێك بریتیە لە بەردەستبوونی وزەی پێویست بۆ پێداویستیە ناوخۆییەكانی وولات. دووەم ئاسایشی وزە پێویستی بە ئامێری تەكنۆلۆجی پێویست هەیە بۆ گۆڕینی وزەی سەرەتایی بۆ بەكارهێنانی كۆتایی. سێیەم ئاسایشی وزە بریتیە لە بەردەستبوونی ژێرخانی پێویست وەك ئامرازەكانی گواستنەوە و پاڵاوتن و كۆگاكردن. چوارەم جۆراو جۆركردنی وزە پێویستی بە قبوڵكردنی كۆمەڵایەتی هەیە و پاراستنی ژینگەی وولات لە پیس بوون یەكێك دەبێت لە

---

1 Gromov, Alexey, and Nikolay Kurichev. "The Energy Strategy of Russia for the Period up to 2030." Russian Energy and Security up to 2030 (2014): 16-40.

2 Pick, Lisa. "EU-Russia energy relations: a critical analysis." Polis Journal 7, no. Summer (2012): 322-365.

3 Solaymani, S. "A demand-side assessment of sustainable energy security in Iran." International Journal of Energy and Water Resources 4, no. 3 (2020): 307-320; and see: Iran 2030: an advanced connectivity, energy, and manufacturing hub in the heart of Eurasia: Available at:
https://eventi.ambrosetti.eu/wp-content/uploads/sites/44/2017/11/Position-Paper-2_Iran_pag-singole.pdf [accessed at: ٣February 2023].

ئامانجەكانی ئاسایشی وزە[1].

هەروەها ڕێكخراوی ئۆپێك كە ڕیكخراوێكی تایبەتە بە بەرهەم هێنەرانی نەوت كە لە ئێستادا لە ١٣ ئەندام پێكهاتووە، هەرچەندە هەندێك لە دابینكەرانی زەبەلاح، بۆنمونە ڕوسیا، ئەندامی ئەم ڕێكخراوە نین بەڵام ئەندامانی ئۆپێك پێكەوە ٤٢,٤%ی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن، ئەمەش وایكردوە بین بە گەورەترین هەناردەكەری نەوت لە جیهاندا[2]. سیاسەتەكانی ئۆپێك لە بارەی ئاسایشی وزەوە بریتیە لە دڵنیا بوون لەسەر سەقامگیری دادپەروەرانەی نرخی نەوت و دەستەبەركردنی خواستی جیهانی لەسەر نەوت بە جێگیریی بۆ وەبەرهێنەران. ئامانجێكی تری گرنگی ئۆپێك بریتیە لە ئاسایشی دابینكردن ئەمەش واتە دڵنیا بوون لە كارایی و چوونی نەوت بەشێوەیەكی بەردەوام بۆ وولاتانی بەكاربەر بە نرخێكی گونجاو كە وولاتانی بەرهەمهێنەری وزە پێی ڕازی بن. پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت كە هەرچەندە ئۆپێك ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی هەناردەكارانەوە پێناسە دەكات، بەڵام لە هەندێك كاتدا لە نیگەرانیی گاریگەرییە نێگەتیڤیەكانی وزە لەگەڵ جیهاندا هاوبەشە. لە ئێستادا پرس گەلێكی جیهانی هەیە وەك بابەتی پیس بوونی ژینگە و گەرم بوونی گۆی زەوی كە پێویستی بە هەماهەنگی فرەلایەن هەیە لەنێوان وولاتانی بەرهەمهێن و ئەندامانی ئۆپیكدا.

لەگەڵ ئەم دوو مانایەی ئاسایشی وزە بۆهەناردەكار و هاوردەكار بەڵام تێگەیشتنێكی تر لە ئاسایشی وزە بریتییە لە وولاتانی ترانزێتی وزە یان ئەو شوێنانەی كە وزەی پێدا تێپەڕدەبێت بەرەو وولاتانی بەكاربەر[3]. بۆنمونە ئاسایشی بەشێك لە ڕێگاكانی گواستنەوەی جیهانی زۆر گرنگە هەم بۆ وولاتانی بەرهەمهێن و هەم بۆ وولاتانی هاوردەكار. وەك گەروی هورمز و مەلاكا، یان وولاتانی ئۆكرانیاو بیلا روس كە بە ڕێگای ووشكانی بەشێك لە وزەی ڕوسیای پێدا تێپەڕ دەبێت بۆ وولاتانی ئەوروپا كە زۆرێك لە وزەی جیهانی بەم شوێنانەدا تێپەڕ دەبێت.

لە كۆتایی ئەم تەوەرەیە دا ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە كە مەرج نیە بوونی مانای جیاوازی ئاسایشی وزە بە مانای چەمكی جیاوازی ئاسایشی وزە بێت. بەڵكو ئاسایشی وزە یەك چەمكە بەڵام لە دوو سیاقی جیاوازدا و لە دوو بارودۆخدا، دەبینین ئاسایشی وزە لە ژێر دوو دەربڕینی جیاوازدا دێت. بە واتایەكی تر، ئەم جیاوازییە ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە ئاسایشی وزە هەمان چەمكە بەڵام بە دوو دەربڕینی جیا و لە دوو سیاقی جیادا. دوای تێگەیشتنمان لە ئاسایشی وزە ئێستا پێویستە بپرسین ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە چین كە لە خوارەوە یەك بە یەك شیكاریان دەكەین.

---

[1] For more detail see: Vidadili, Nurtaj, Elchin Suleymanov, Cihan Bulut, and Ceyhun Mahmudlu. "Transition to renewable energy and sustainable energy development in Azerbaijan." Renewable and Sustainable Energy Reviews 80 (2017): 1153-1161.

[2] Organization of the Petroleum Exporting countries: Available at: https://www.opec.org/opec_web/en/about_us/23.htm [accessed 4 February 2023].

[3] Jakstas, Tadas. "What does energy security mean?." In Energy Transformation Towards Sustainability, pp. 99-112. Elsevier, 2020.

**تەوەرەی چوارەم: ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە**

لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی بڵاو بوونەوەتەوە لەسەر تێگەیشتن لە چەمك ورەهەندەکانی ئاسایشی وزە. زۆرێك لەم بڵاوکراوانە باس لە چوار ڕەهەندی هاوبەش دەکەن کە بریتین لە: " بەردەست بوونی وزە، دەستڕاگەیشتن بە وزە، گونجاوی نرخی وزە و قبوڵکردنی وزە"[١]. ئەم چوار ڕەهەندەی ئاسایشی وزە خاڵی دەستپێکی بەردەوامی ئاسایشی وزەی هاوچەرخن.

دوو لەو چوار ڕەهەندە بە بەردەوامی لە توێژینەوە کلاسیکیەکانی بواری وزەدا هاتوون، کە بریتین لە:"بەردەست بوون و بێ پچرانی وزە بە نرخێکی گونجاو"[٢] کە تائیستا لە دڵی پێناسەی ئاژانسی ئاسایشی وزەدا ماونەتەوە. بەڵام دوو ڕەهەندەکەی تر "دەستڕاگەیشتن و قبوڵکردنی وزە" مێژویەکی نزیکتر بەڵام ئاڵۆزتریان هەیە. کە هەردوکیان لە ئامانجە جیهانیەکانی وزە بوون کە لە لایەن ئەنجومەنی جیهانی وزەوە لە جاڕنامەی هەزارەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ڕاگەیەنران، بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٧ بەشێك نەبوون لە ئاسایشی وزە[٣]. پێدەچێت ئەم دوو ڕەهەندەی تر دواتر هاتبنە ناو بواری ئاسایشی وزەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ یەکەم جار لە توێژینەوەیەکی بواری تەندروستیدا بەکار هاتوون، لەساڵی ١٩٨١ کە تێیدا بنشانسکی و تۆماس لە توێژینەوەکەیدا لە بواری تەندروستیدا ئاماژەی بە ڕەهەندەکانی تەندروستیەکی شیاو کرد و پێنج ڕەهەندی گرنگی دەستنیشانکرد کە بریتین لە: "بەردەست بوونی تەندروستیەکی شیاو، دەستڕاگەیشتن بە تەندورستیەکی شیاو، شوێنی نیشتەجێ بوون و گونجاوی نرخ و قبوڵکردنی تەندروستیەکی شیاو" [٤]. دواتر جیول و کۆمەڵێکی تر لە توێژەران لەساڵی ٢٠١٤ هاتن و ئاماژەیان بە لێکچوونی سەرنجڕاکێش کرد لەسەر هەردوو بوارەکە، واتە بواری ئاسایشی وزە و ئاسایشی تەندروستی[٥]. بەواتایەتی تر، دەستڕاگەیشتن بە وزە و قبوڵکردنی وزە کە دوو ڕەهەندی لێکچوون لەگەڵ بواری توێژینەوەکەی جیول هێنرانە ناو بواری ئاسایشی وزەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بوونە چوار ڕەهەندی جیاواز:" بەردەست بوونی وزە، گونجاوی نرخی وزە، دەستڕاگەیشتن بە وزە، و قبوڵکردنی وزە". بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٧ ئاسایشی وزە ئەم چوار ڕەهەندە بنەڕەتەی لە خۆ گرت.

[1] APERC, APERC. "Quest for energy security in the 21st century: Resources and constraints." Asia Pacific Energy Research Centre, Tokyo, Japan (2007).

[2] International Energy Agency: https://www.iea.org/topics/energy-security [ accessed at: February 10th 2023].

[3] Cherp, Aleh, and Jessica Jewell. "The concept of energy security: Beyond the four As." Energy policy 75 (2014): 415-421.

[4] Penchansky, Roy, and J. William Thomas. "The concept of access: definition and relationship to consumer satisfaction." Medical care (1981): 127-140.

[5] Jewell, Jessica, Aleh Cherp, and Keywan Riahi. "Energy security under de-carbonization scenarios: An assessment framework and evaluation under different technology and policy choices." Energy Policy 65 (2014): 743-760.

ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆکراوە لە لایەن وولاَتانی هاوردەکارەوە بۆ نمونە بۆ وولاَتانی یەکێتی ئەوروپا لە ستراتیجیەتی خۆیاندا بە ناونیشانی بەرەو ستراتیجیەتی ئەورووپی بۆ ئاسایشی دابینکردنی وزە دەڵێت: ئاسایشی وزە پێویستە ئاراستە بکرێت بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و پڕکردنەوەی پێداویستیە ئابووریەکان، بەردەست بوونی وزە بەبێ پچران لە بازاڕدا بە نرخێك کە بۆ بەکارهێنەران گونجاو بێت لە هەمانکاتدا پێویستە ڕێز لە پاراستنی پیس بوونی ژینگە بگرین و ڕەچاوی نیگەرانیەکانیش دەکەین کە لەو بارەیەوە دروست دەبن[١]. بە هەمان شێوە وولاَتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەمان ڕەهەند و ستراتیج دووبارە دەکەنە و ئەویش بەردەستبوونی وزەیە، بە نرخێکی گونجاو، دەستڕاگەیشتنە بە وزە و قبوڵکردنیەتی"[٢]. لێرەدا یەکێك بە یەکی ڕەهەندەکان شیکار دەکەین.

### ١. بەردەست بوونی وزە (Availablity)

بەردەست بوونی وزە بۆ وولاَتانی هاوردەکار بریتیە لە هەمەچەشنەکردنی سەرچاوەی وزە یان بە واتایەکی تر بریتیە لە هەمە چەشنکردنی دابینکەرانی وزە. ئاژانسی وزەی جیهانی لەبارەی بەردەست بوونی وزەوە دەڵێت ڕەهەندی بەردەست بوون بریتیە لە بەردەست بوونی وزە بە بێ پچران لە هەموو کاتێکدا بە شێوەی جۆراوجۆر و بە بڕی پێویست. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەردەست بوونی وزە واتە هەمەچەشنکردن لە دابینکەرانی وزە[٣]. بۆنمونە وولاَتێکی وەك صین لە یەك کاتدا نەوت لە وڵاتانی: ڕوسیا، سعودیە، ئەنگۆلا، عێراق، عمان، ئێران، بەرازیل، کوێت، فەنزێلا و ئیماراتی عەرەبیەوە هاوردە دەکات[٤]. واتە لەیەك کاتدا پشتی بە دە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی نەوت بەستووە. لە ئێستا دەتوانین بڵێن صین سەرکەوتوو بووە لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی دابینکردنی نەوت. بۆیە صین بڕوای وایە لەکاتی تەنگەشە و قەیرانی سیاسی و سەربازیدا زۆر بەئاسانی دەتوانێت بەسەر قەیرانی دابینکردنی وزەدا سەر بکەویت.

دەبینین لە تازەترین پێشهاتدا وولاَتانی یەکێتی ئەوروپا کە بڕێکی زۆری گازی سروشتی لە ڕوسیاوە هاوردەدەکەن واتە تارادەیەکی زۆر تەنها یەك سەرچاوەی دابینکردنیان هەیە، ڕوسیاش ئێستا لەجەنگدایە لەگەڵ ئۆکرانیا ئەوەی بە ئاشکرا تێبینی دەکرێت ئەوەیە هەموو وولاَتانی ئەوروپا

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە سەیری:
https://energy.ec.europa.eu/index_en [accessed: 4 Feburuary 2023]

[2] https://aperc.or.jp/file/2010/9/26/APERC_2007_A_Quest_for_Energy_Security.pdf [accessed at: ٦ February 2023]

[3] Sovacool, Benjamin K., and Marilyn A. Brown. "Competing dimensions of energy security: an international perspective." Annual Review of Environment and Resources 35 (2010): 77-108.

[4] Daniel Workman, Top 15 Crude Oil Suppliers to China, Available at: https://www.worldstopexports.com/top-15-crude-oil-suppliers-to-china/ [accessed at: 2 February 2023]

دژی جەنگن و بگرە یارمەتی سەربازی ئۆکرانیا دەدەن و ئابلۆقەی ئابوریان خستووەتە سەر ڕوسیا. بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناتوانن دەست بەرداری گازی ڕوسیا بن. چونکە وولاتانی ئەوروپا بە تێکڕای ئەو وزەییەی لە دەرەوە هاوردەی دەکەن ٤٣% گازی سروشتی و ٢٩% نەوت بە تەنها لە ڕوسیاوە هاوردە دەکەن[١]. کەواتە نەیانتوانیوە سەرچاوەکانی دابینکردنی گازی سروشتی بۆ خۆیان هەمەچەشن بکەن، بۆیە ئاسایشی وزەیان لە ڕوانگەی بەردەست بوونەوە تارادەیەکی زۆر لەرزۆکە.

هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی وزە و فاکتەری جیوپۆلەتیکی بە ڕەگەزێکی گرنگی بەردەست بوونی وزە دادەنرێن. لەڕێگەی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەوە هاوردەکارانی وزە دەتوانن مەترسیەکانی پچڕانی هاوردەکردن کەم بکەنەوە. نیگەرانیەکان سەبارەت بە پرسە جیۆپۆلەتیکیەکان بریتین لە ڕوداوەکانی وەك سەرهەڵدانی شەڕەکان و ڕژێمە ناسەقامگیرەکان و یان گرژییە ناوچەییەکان دەتوانن ببنە هۆی پچڕانی دابینکردنی نەوت یان گاز. وولاتێك کە وزە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە هاوردە بکات مانای وایە زیاتر گەرەنتی هەیە لە یەکێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزەدا. یەکێکی تر لە ڕەگەزە بەهێزەکانی ڕەهەندنی بەردەستبوونی وزە بریتییە لە ڕەگەزی مکانی یان جوگرافی. ئەمەش مانای وایە وولاتێك ڕوبەری زەوییەکی زۆری هەبێت توانای باشتری هەیە لە دابەشکردنی دامەزراوەکانی وزە بەسەر شوێنە جیاوازەکاندا، بەمەش دەتوانێت دوو سێ ئامانج بەدی بێنێت، لەوانە توانای ژێرخانی کۆگاکردنی وزەی زیاترە، توانای کەمکردنەوەی ئەگەری کاریگەری ڕوداوە سروشتی وسیاسی و ئابووریەکان کە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ببنە هۆی پچڕانی وزە لە یەکێك لە سەرچاوەکانەوە. ڕەگەزێکی تر بریتییە لە گەشەپێدنی وزەی بەدیل وەك وزەی نوێبووەوە، بۆنمونە وولاتێك دەتوانێت بواری هەمەچەشەن زیاتر بکات بە دابینکردنی وزەی نوێبووە وەك سود بینین لە هەوا و ئاو خۆر بۆ دابینکردنی کارەبا. یان گرنگی دان بە هەمەچەشنی ڕێگاکانی گواستنەوەی وزە، بۆنمونە کەمکردنەوەی هێنانی وزە لەو شوێنانەی کە بەخاڵە خنکاوەکان ناسراون.

### ٢. گونجاوی نرخی وزە (Affordablity)

نرخی وزە، توانای کڕینی وزە دیاری دەکات واتە بۆ لایەنی کڕیار گونجاوی نرخ ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، بەڵام زۆر کات ئەمە بە خواستی هاوردەکار نیە[٢]. بۆنمونە ئەگەر سەیری نەوت بکەین کە یەکێکە لەو جۆرە وزەیەی کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕوو بە ڕووی ناجێگیری نرخ دەبێتەوە لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا ئەمەش زۆرجار نیگەرانی لای وولاتی هاوردەکار دروست دەکات[٣]. فاکتەرێکی تر

[1] Available at : https://ec.europa.eu/eurostat/cache/infographs/energy/bloc-2c.html [accessed at: February 27, 2023]

[2] Nurdianto, Ditya Agung, and Budy Prasetyo Resosudarmo. "Prospects and challenges for an ASEAN energy integration policy." Environmental Economics and Policy Studies 13 (2011): 103-127.

[3] Sovacool, Benjamin K., and Marilyn A. Brown. "Competing dimensions of energy security: an

بریتیە مامەڵەكردن بە یەك دراوی بەهێزی نێودەوڵەتی وەك دۆلار، بەو پێیەی كە نەوتی خاو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە دۆلاری ئەمریكی مامەڵەی پێوە دەكرێت. لێرەدا ڕەنگە هێزی كڕینی دراوی نیشتمانی بەرامبەر دۆلار لاواز بێت، بۆیە دەبینین نرخی نەوت هەرچەندە گونجاو بێت بەڵام بۆ هەندێ ووڵات هەر گران دەكەوێت لە سەریان. نرخی ناجێگیری وزە دەتوانێت كێشە لە دەستەبەركردنی وزەدا دروست بكات، كاریگەری لەسەر توانای داڕێژەرانی سیاسەت لە ووڵاتدا دروست بكات بە تایبەت لە پلانە كورتخایەنەكاندا. زۆربەی توێژینەوەكان جەخت لەسەر گرنگی نرخی وزە دەكەنەوە وەك بەشێك لە هاوكێشەی ئاسایشی وزە.

### ٣. دەستڕاگەیشتن بە وزە (Accessibility)

دەستڕاگەیشتن بە وزە مانای جیاوازی هەیە بۆ هاوردەكار، وەك دەستڕاگەیشتن بە چەندین سەرچاوەی دابینكردن لە چەندین شوێنی جیاوازەوە كە ئاسانكاری دەكات لە گواستنەوەی وزە بەبێ پچران. بوونی ژێرخانێكی بەهێز یەكێكە لە ڕەهەندە گرنگەكانی دەستڕاگەیشتن بە وزە بۆ هاوردەكار، ژێرخانی بەهێزیش چەندین خزمەتگوزاری لە خۆ دەگرێت لەوانە ڕاكێشان و بەستنەوەی بۆری گواستنەوە و دروستكردنی وێستگە و كۆگا بۆ كۆكردنەوە و ئاراستەكردنی وزە بۆ شوینە پیشەسازییەكان و وەبەرهێنانی كارەبای پێویست بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەكان. زیاتر لەوەش بنیاتنانی پاڵاوگەی پێویست و كارایی لە دابەشكردنی وزەی بەدەستهاتوو و دروستكردنی كۆگای زەبەلاح كە دڵنیای دەدات لەوەی وزەی پێویست لە بەردەستدایە بۆ ماوەیەكی كورت بە بێ پچران[1]. گرنگی و تۆكمەیی ئەم خزمەتگوزاریانە پێویستیەكی بنەڕەتیە بۆ ئاسایشی وزەی هاوردەكار. جگە لەوەش هەندێ لە ووڵاتانی هاوردەكار سیستەمی كۆنترۆڵی جۆری و چاودێری بەكار دەهێنن بۆ بەفیرۆ نەچوونی وزەی بەدەستهاتوو و زیان نەگەیاندن بە ژینگە.

پێویستی ژێرخانی بەهێز لەگەڵ توانای گونجاو بۆ كۆگاكردنی وزە، پێویستیەكی بنەڕەتیە بۆ ووڵاتانی هاوردەكار كە بتوانێت لە ئەگەری پچرانی وزەدا بەماوەیەكی كورتیش بێت وزەی كۆگاكراو بەكار بهێنێت. هاوشێوەی كۆگا ستراتیژییەكان، ژێرخانی باش مەرجێكێكی پێشوەختە بۆ دابینكردنی وزەی پێویست و پێكهاتەیەكی بنەڕەتی ئاسایشی ئابووری وزەیە.

### ٤. قبوڵكردنی وزە (Acceptablity)

وەك چۆن وزە پێویستیەكی بنەڕەتی ژیانە، بەڵام خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتیش لە پێناسەی ئاسایشی وزەدا دیسانەوە ئاماژەی پێدراوە ڕەنگە یەكێك لە نیگەرانیەكانی كۆمەڵگە بریتی بێت لە هەژاری وزە كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دانیشتوان لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەكانی وزە بێ بەش بكرێن. بەڵام بۆ ئەوەی وزەی هاوردەكراو قبوڵكراو بێت لە ڕوانگەی كۆمەڵایەتیەوە، نابێت وزە

international perspective." Annual Review of Environment and Resources 35 (2010): 77-108.

[1] Ibid.

ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە ژینگەی وولات. لەم بارەویەوە لێسبیر پێی وایە کەئامانجی ئاسایشی وزە بریتیە لە دڵنیایی لە بەرامبەر مەترسیەکانی پچرانی هاوردەکرنی وزەی زیانبەخش وە دڵنیا بوون لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی وزەی گونجاو بۆ بەردەوامبوونی قبوڵکردنی وزەیەك کە زیانی کەمتر بگەیەنێت بە ژینگە[١] وە بەردەوامبونی قبوڵکردنی ئاستەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری[٢]. سەنتەری وزەی ئابووری جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاسایشی وزە دەبێت دڵنیا بێت لە ئاستی قبوڵکراوی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، واتە نابێت بەهۆی وزەوە ئێمە لە بواری ئابووریدا پێشبکەوین و ئابوورییەکی گەشەسەندوو بنیات بنێن، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتیە و تەندروستیەوە وولات وێران بکەین[٣]. بۆنمونە وەزارەتی وزەی بەریتانیا جەخت لەسەر لایەنی دادپەروەری دەکاتەوە لە هاوردەکردنی وزەدا و لێرەدا دادپەروەری واتە قبوڵکراوی وزە لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە[٤]. بە واتایەکی تر، دەبێت دادپەروەرانە مامەڵە بکەین لەوەی لەڕووی پیشەسازییەوە گەشەسەندوو بین بەڵام لە هەمانکاتدا بە پاك ڕاگرتنی ژینگە و کەمکردنەوەی زیانە کۆمەڵایەتیەکانی وزە دەبێت لە پێشینەی ئامانجەکانمان بێت.

لە لایەکی ترەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی هێنانی وزە، زۆرێك لە وولاتانی هاوردەکار لە ژێر پەستانی ڕێکخراوەکانی ژینگە دۆست پەنایان بردوەتە بەر بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ زیاتر وەبەرهێنان لە بواری وزەی نوێبوەوە. بۆنمونە لە زۆرێك لە وولاتانی ئاسیای ناوەراست توانای بەرزی با، سود بینین لە وزەی خۆر و ئاو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، هەندێك لەوولاتە پیشەسازییەکان توانیویانە وزەی نوێبووەوە بکەنە وزەی بدیل و برێك لە قبوڵکراوی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن. بەپێی ڕێکەوتنەکانی کۆپنهاگن و کیۆتۆ و پاریس وولاتانی ئەندام لەم ڕێکەوتنەدا دەبێت لە داهاتوودا پابەندبن بە کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆنی، ئەمەش پابەندێتیی وولاتان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بژاردەی ئالۆزتر دەکاتەوە[٥].

ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین ئایا ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە باسمانکردن هەمان مانایان هەیە بۆ وولاتانی دەوڵەمەند بەسەرچاوەکانی وزە، دەبێت بە دیاریکراوی بپرسین: ئایا ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە لە هەرێمی کوردستاندا چ مانایەکیان هەیە؟ کۆی باسی دووەم لەسەر ئەم پرسەیە.

---

[١] وەك غاز کە پاکتر و خاوێنترە بۆ ژینگە .

[2] Lesbirel, S. Hayden. "Diversification and energy security risks: the Japanese case." Japanese Journal of Political Science 5, no. 1 (2004): 1-22.

[3] Center for Energy Economics.Energy security, quarterly.2008ed.Houston,TX: USAID;2008.

[4] Sustainable Development Commission. "Climate Change: the UK programme 2006: SDC response." (2006).

[5] Karatayev, Marat, and Stephen Hall. "Establishing and comparing energy security trends in resource-rich exporting nations (Russia and the Caspian Sea region)." Resources Policy 68 (2020): 101746.

## باسی دووەم: چەمک و رەهەندەکانی ئاسایشی وزە لە سیاقی هەرێمی کوردستاندا

ئەم باسە لە سێ تەوەردا خراوەتە ڕوو ئەویش: تەوەری یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی باکگراوندی وزەی هەرێم ، تەوەرەی دووەم: بریتیە لە خستنە ڕووی مانا و چەمكی ئاسایشی وزە بۆ هەرێم، تەوەرەی سێیەم: شیکاری مانای ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە بۆ هەرێمی كوردستان.

### تەوەری یەکەم: باكگراوندی وزەی هەرێم

لە ڕووی جوگرافیاوە هەرێمی کوردستان ئاماژەیە بۆ سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك كە ئێستا لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن. جگە لەو پارێزگایانە چەندین ناوچەی تری جوگرافی هەن كە پێیان دەڵێن ناوچە جێناكۆكەكان و لەگەڵ حكومەتی عێراقدا لەناكۆكیدان لەسەر ئەو ناوچانە. كێشەكەش بە پێی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق ڕێو شوێنی چارەسەری بۆ دانراوە بەڵام تا ئێستا چارەسەر نەكراوە. ئەو ناوچانەش كەوتوونەتە پارێزگاكانی كركوك و نەینەوا و دیالە. لە خوارەوە هەندێك داتای گشتی سەبارەت بە بوونی نەوت و گازی سروشتی دەخەینە ڕوو لە هەرێمی كوردستاندا بەڵام دەبێت جەخت لەوە بكرێتەوە كە ژمارەی یەدەگی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان دەتوانرێت بەشێوەیەكی بەرچاو زیاد بكات. چونكە نەوت و گازی هەرێمی كوردستان تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتا دایە وگەڕان و پشكنین بەردەوامە.

حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ دا یاسای ژمارە (٢٢)ی نەوت وگازی دەركرد كە یاساكە دەسەڵاتی داوە بە هەرێمی كوردستان كە دەستكراوە بێت بە ڕووی كۆمپانیا جیهانیەكاندا بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گازدا. لە ئێستادا لە هەرێمی كوردستاندا پتر لە ٤٠ كۆمپانیای وزە كار لە گەڕان و دەرهێنانی نەوتدا دەكەن كە زیاتر لە ٣٠ وڵاتەوە هاتوون بۆ هەرێم. لەگەڵ ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی خەمڵێنراو لە نەوتی یەدەگ لە هەرێمدا، هەرێم ئامادەیە ببێتە یاریكەرێكی بنچینەیی نێودەوڵەتی لەبازاڕی وزەدا. لەگەڵ بەردەوامی هەڵمەتەكانی گەڕان، هەرێم بە بەردەوامی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە دیوە، بۆ نمونە لە ٢٠١١ تەنها ڕۆژانە ٧٥ هەزار بەرمیل بەرهەم هاتووە بەڵام لە ئێستادا بە تێكڕا هەرێم ڕۆژانە زیاتر لە ٤٢٠-٤٣٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەكات[١].

جگە لە بوونی یەدەگی سەلمێنراوی نەوت، لە هەرێم گازی سروشتی سەلمینراو بە زیاتر لە ٢٠٠ ترلیۆن مەترسێجا مەزەندە دەكرێت[٢]، لە ئێستادا ئەو گازەی بەرهەم دەهێنرێت تەنها بەشی پێداویستی ناوخۆ دەكات هەركاتێك پێویستییە ناوخۆییەكانی وەك كارەبا وپیشەسازی هاتەدی، ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە دەتوانرێت هەناردەی دەرەوە بكرێت. لە ئێستادا چەندین كێڵگەی گاز لە پەرەپێداندان، تۆڕێكی ناوخۆی گاز لە دروستكردنایە هەندێك لە وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەبای

[١] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. ئەرشد راوێژكاری ئابووری پەرلەمانی كوردستان لە رۆژی ٢٠٢٣/٢/١٢
[٢] بۆنوسینی ئەم تەوەرەیە نوسەر زیاتر سودی لە ماڵپەری وەزارەتی سامانە سروشتیەكان بینیوە بۆ زیاتر زنیار بروانە:
https://gov.krd/mnr [accessed at:20 March 2023]

نیشتمانی لە گازۆیلەوە گۆراون بۆ گاز.

بەڵام پشتراستکردنەوەی ئەم زانیاریانە نیشانەی پرسیاریان لەسەرە، چونکە ئەم زانیاریانەی سەرەوە لەلایەن سەنتەرێکی بێ لایەنی توێژینەوەی جیهانیەوە پشتراست نەکراونەتەوە. بۆنمونە بوونی ٤٥ ملیار یەدەگی نەوت تەنها یەك لایەنە باسکراوە و ناوچە جێناکۆکەکانیشی گرتوەتەوە. بەڵام لەم دوایانەدا دوو دامەزراوەی جیهانی وەك ئیدارەی زانیاری و وزەی ئەمەریکا و ڕیستاد ئینرجی نەرویجی لە ڕاپۆرتی جیادا ڕایانگەیاندووە، بڕی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان نزیکەی سێ ملیار و ٧٠٠ ملیۆن بەرمیلە ئەم زانیاریانە لە کۆمەڵێك سەرچاوەترەوە ئاماژەیان پێدراوە[١]. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان خاوەنی ٨ کێڵگەی سامانی سروشتیە کە بەسەر ٥٧ بلۆکدا دابەش بووە، ٤٠ بلۆکیان لە ناوەوە ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە بەڵام ١٧ بلۆکیان کەوتوونەتە ناوچە جێناکۆکەکان. لەم ڕێژیە ٤٨ بلۆکیان نەوتین کە تەنها ٩ بلۆکیان گەشتوونەتە قۆناغی بەرهەمهێنان. بلۆکە گازییەکانیش ژمارەیان ١٠ کێڵگەی گازییە بەڵام تەنها کێڵگەی کۆرمۆر لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە[٢]. کێشەیەکی تر بریتیە لە کێشەی یاسایی لەگەڵ بەغداد کە تا ئێستا یاسای نەوت و گازی بەغدا پەسەندنەکراوە و لەم دوایانەدا دادگای فیدراڵی بڕیاریدا کە هەموو گرێبەستەکانی نەوت وگازی هەرێم نادەستوورین[٣].

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم داتایانە بڕوانە:

Iraq at a crossroads: Kurdish energy competition with Iran availableat: https://www.gisreportsonline.com/r/kurdish-energy-competition-iran/[accessed at: 25 March 2023]
https://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iraq/
Total recoverable oil worldwide is now 9% lower than last year, threatening global energy: available at: securityhttps://www.rystadenergy.com/news/total-recoverable-oil-worldwide-is-now-9-lower-than-last-year-threatening-global[accessed at:20 March 2023]
Overview & Reserves available at: https://www.danagas.com/operations/kri/#overview [accessed at:20 March 2023].
Sardar Aziz, Iraqi Kurdistan Gas Resources: The Icarus Adventure available at: https://epc.ae/en/details/featured/iraqi-kurdistan-gas-resources-the-icarus-adventure#:~:text=According%20to%20the%20KRG%20Natural,of%20the%20world's%20total%20reserves. [accesst at: 4 February 2023]

یەدەگی نەوتی هەرێم (٤ ) ملیار بەرمیلە نەك (٤٥) ملیار:

لە ماڵپەری: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11790 [accesst at: 4 February 2023]

[٢] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە سایتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:

https://gov.krd/mnr/ [accesst at: 15 February 2023]

[٣] بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر سکاڵای ژمارە ١١٠/ ٢٠١٩ لە ٢/١٥ /٢٠٢٢لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە ٤٦٦٨ لە ٢٨ شوباط ٢٠٢٢ لەم ماڵپەرە بەردەستە: https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4668.pdf[accessed 26 March 2023

**تەوەرەی دووەم: مانا و چەمكی ئاسایشی وزە بۆ هەرێم**

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا مانای ئاسایشی وزە و ناساندنی لە سیاقێكی دیاریكراودا پێشمەرجێكی بنەڕەتیە بۆ شیكردنەوەی ڕەوتەكانی ئاسایشی وزە لە ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا، ئەوەی تێبینی دەكرێت لە هەرێمی كوردستاندا لەلایەك كۆمەڵێك ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و شیكاری چاودێرانی سیاسی و ئابووریەوە دەخوێنینەوە سەبارەت بە كێشەو پرسی وزە، بەڵام ئەوەی بەفەرمی قسەی لەسەر نەكراوە چەمكی ئاسایشی وزە یە كە نە لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەكانەوە نە لە لایەن وەزارەتی پلان دانانەوە بەشێوەی فەرمی وەك لە كەیسەكانی سەرەوەدا ئاماژمان پێدا نەبووە بە سیاسەتێكی نوسراو. ڕەنگە یەكێك لە هۆكارە بنەڕەتیەكان ئەوە بێت كە هەرێمی كوردستان لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بە وەبەرهێنان بدات لە بواری نەوت و گازدا. وەك وەبەرهێنەرێكی نوێ، هەرێمی كوردستان لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەكی بریتی بێت لە پەرەپێدانی نەوت و گازی سروشتی لە پێناو بەدەستهێنانی داهاتی زیاترو دابینكەرێكی متمانەپێكراوی وزە بۆبازاڕی نێودەوڵەتی و ڕاكێشانی سەرنجی كۆمپانیا نێودەوڵەتیەكان بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە كەرتی وزەدا. زیاتر لەوەش هێنانی كۆمپانیای باوەڕپێكراوی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان لە كەرتی وزەی هەرێمدا لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی سیاسی و ئابووری وولاتی خاوەن كۆمپانیا. لە كۆتاییدا جێگەكردنەوەی خۆی بێت لەسەر نەخشەی جیهانی وزەدا و بە ستنەوەی هەرێمی كوردستان بە هێڵە نێودەوڵەتیەكانی وزەوە و زیادكردنی هەناردەكردنی نەوت بۆ دەرەوە. لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا تاڕادەیەكی زۆر سەركەتوو بووە بۆیە لە ئێستادا دەبینین هەرێم زیاتر گرنگی بەڕاكێشانی وەبەرهێن و كۆمپانیا جیهانیەكان دەدات و زیاتر بتەوكردنی ژێرخانی وزەیە وەك دروستكرنی وێستگەی ناوخۆی و بەستنەوەی بەبۆری سەرەكی كوردستان-توركیاوە و گەیاندنی بە بەندەری جیهان لە توركیا[١].

لە لایەكی ترەوە هەرێم لە ئیستادا ئیش لەسەر پەرەپێدانی گازی سروشتی دەكات و لە پلانی دایە دوای پڕكردنەوەی پێداویستیە ناوخۆییەكان گازیش هەناردەی دەرەوە بكات وەك ئەوەی لە ئێستادا گاز لە پەرەپێدانی بەردەوامدایە لە كۆرمۆر و كێڵگەكانی تر. لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە ڕەنگە لێرەدا ئەگەر وەك توێژەرێك ڕاڤەكاری بۆ ئاسایشی وزە بكەین، دەبینین ئاسایشی وزە لە هەرێمی كوردستاندا لە ئێستادا بریتی بێت لە دەست ڕاگەیشتن بە یەدەگی نوێ و هەروەها ئاسایشی خواست لەسەر بەرهەمەكەی، واتە پەیدا كردنی كڕیار. لە لایەكی ترەوە پاراستنی سەرچاوەكانی وزەیە لە هەر كردەوەیەكی تیرۆریستی كە ژێرخان و ڕۆیشتنی وزە بخاتە مەترسیەوە. جگە لەوەش پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی هەرێمی كوردستانە لە بوونی وزەی پێویست بۆ دابینكردنی كارەبا و بەكارهێنانی ناوخۆیی وەك بەنزین و بوونی سوتەمەنی پێویست بۆ كارگەكان و ماڵان.

---

[١] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ كەسێكی شارەزا لە بواری وزە كە نەیویست ناوی لەم توێژینەوەیەدا بهێنرێت لە ڕۆژی ٢٠٢٣ /١/١٧

**تەوەرەی سێیەم: مانای ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ هەرێمی کوردستان**

**یەکەم: ڕەهەندی بەردەست بوونی وزە ( Availability)**

چەمکی کلاسیکی ئاسایشی وزە لە ڕاڤەکردنی بەردەست بوونی وزەدا باس لە سەلامەتی و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی خزمەتگوزاریەکانی وزە دەکات. زۆرێك لەو توێژینەوانەی لەم مەیدانەدا کراون زیاتر جەختیان لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە کردوەتەوە لە ڕوانگەی هاوردەکارانەوە. واتە بەردەست بوونی وزە و هێنانی لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە. بەشێك لە دڵنیا بوون لە بەردەست بوونی وزە بریتییە لە دابینکردنی وزە بێ پچران وپاراستنی سەلامەتی گەشتنی وزە بە وولات.

بەڵام بەردەست بوون وەك یەکێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ وولاتانی بەرهەمهێن مانایەکی پێچەوانەی هەیە، ئەویش بوونی یەدەگی سەلمێنراوی وزەیە وەك نەوت گاز. وەك باسمانکرد لە هەرێمدا نەوتی سەلمێنراو بە ٤٥ ملیار بەرمیل یەدەگی هەیە و بری ٢٠٠ بلیۆن م٣ غازی سەلمینراوی هەیە. بەڵام دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کەئەو ژمارەیە تەنها یەك لایەنە لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە ڕاگەیەنراوە. لە توێژینەوەیەکی تردا کەمتر لەو ڕێژەیە ئاماژەی پێدراوە. ئەوەی سەلمێنراوە تەنها ٤ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی هەیە بەڵام ئەوەی چاوەڕونکراوە و نەسلمێنراوە بری ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی خاوە. سەبارەت بە یەدەگی گازی سروشتی سەلمێنراو ١٦٥ بلیۆن م٣ هەرچەندە ئەو ڕێژەییە لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە ڕەتکراوەتەوە[1].

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت داتای ناتەواو ناڕاستە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆنمونە هەرێم تا ئیستا زیاتر لە ٥٣ گرێبەستی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ ٢٨ کۆمپانیا بیانیەکاندا ئەنجامداو، لە سەرەتای ٢٠١٢-٢٠١٣ دا هەرێم پلانی هەبوو کە بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێتە ١ ملیون بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا تاوەکو ٢٠١٥. لەسەر بنەمای دۆزینەوەو بەهەمهێنانی نەوت، پلان هەبوو بەرهەمهێنانی نەوت بگات بە ٢ ملیون بەرمیل لە ٢٠١٩-٢٠٢٠ [2]. بەڵام لە واقعدا ئەوەی هاتە دی پێچەوانەی خواستی هەرێم بوو، بە پێی داتاکان ئێستا هەرێم لە ٢٠٢٣ دا ڕۆژانە تەنها ٤٢٠-٤٣٠ هەزار بەرمیل هەناردە دەکات. لە ساڵی ٢٠١٤ وە هەرێم ڕوبەڕووی چەندین قەیرانی سەخت بوویەوە وەك جەنگی داعش و دابەزینی نرخی نەوت، بێجگە لە ناکۆکیان لەگەڵ بغدا و ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەمانە هەمووی بوونە ڕێگرێکی سەرەکی لەسەر پەرەپێدانی کەرتی وزە. ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێم کار دەکەن لە لایەن بغداوە خرانە لیستی ڕەشەوە. تەنانەت ئێستا پێشبینی

---

[1] Paasche, Till F., and Howri Mansurbeg. "Kurdistan Regional Government–Turkish energy relations: a complex partnership." Eurasian Geography and Economics 55, no. 2 (2014): 111-132. Also, Mills, Robin. "Under the mountains–Kurdish oil and regional politics." (2016). Available at: https://www.oxfordenergy.org/wpcms/wp-content/uploads/2016/02/Kurdish-Oil-and-Regional-Politics-WPM-63.pdf [accesst at: 15 February 2023]

[2] افاق الطاقة في العراق: تقرير خاص ضمن كتاب توقعات الطاقة في العالم : وكالة الدولية للطاقة ٢٠١٣.

دەكرێت ٤٣٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بەرەو كەمتر بچێت نەك زیاتر هەرچەندە لە ئێستادا بەپێی قسەی یەكێك لە پەرلەمانتارانی ئەندامی لیژنەی نەوت وگاز ئەو ڕێژییە دابە زیوە بۆ ٣٩٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا[١]. لە ئێستا كۆمپانیاكان ئامادە نین بیری نەوتی نوێ لێبدەن، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات رەنگە تا ٢٠٣٠ بری هەناردەكردنی نەوت زۆر كەمتر بێت لەو ڕێژەییە نەوەك زیاتر بێت[٢]. سەرەرای كێشە یاسایی و سیاسیەكان لەگەڵ بغدا بەڵام ناسەقامگیریی ئابووری هۆكارێكی ترە بۆ ئەوەی كۆمپانیا بیانیەكان ژینگەی كاركردن بە گونجاو نازانن لە هەرێمدا[٣].

سەبارەت بە وەبەرهێنان لە گازدا ژمارەی كێڵگە گازییەكان بریتین لە كۆرمۆر و بنەباوێ و خورمەڵەو میران. تا ئێستا توانراوە ٤٤٠ ملیۆن م٣ گاز بەرهەم بێت ڕۆژانە. هەرچەندە لە پلاندا بوو لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا ببێت بە ٨٠٠-٩٠٠ ملیۆن م٣ بەڵام ئەمەش بە خواستی هەرێم نەبوو، بەهۆی هێرشی ووڵاتانی وەك ئێران یان میلیشاكانی سەر بە ئێران، كە جارجارە هێرش دەكرایە سەر كێڵگەكانی گاز لەهەرێمدا[٤]. بە پێی نوێترین ڕاپۆرتی ئەلمۆنیتر كە ئەمریكاو ئەوروپا بەدوای گازی بەدیلی ڕوسیاوەن بۆ ئەوروپا، بڕاویان وایە بتوانن بەشێكی باش لە پێداویستیەكانیان پڕ بكەنەوە لە هێنانی گاز لە قەتەر و جەزائیر نەرویج خودی ئەمریكا و هەرێمی كوردستان (ئەگەر بە خێرایی پەرەی پێبدرێت) دەیانەوێت بازاڕی ئەوروپا بەتەنها بازاڕێك نەبێت بۆ ساغكردنەوەی گازی ڕوسی[٥].
بەپێی توێژینەوەیەك كە دەزگای ئینێرجی قەمری ئیماراتی لەسەر خواستی وەزارەتی وزەی ئەمریكا لەسەر گازی هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە، بە پێی توێژینەوەكە هەرێمی كوردستان دەتوانێت تا ساڵی ٢٠٣٥ زیاتر لە ٤٠ ملیار م٣ گاز بەرهەم بهێنێت ساڵانە، ئەگەر وەربەرهێنان بە چڕی بكرێت لە گازی هەرێمدا[٦]. لەكاتێكدا هەرێم تەنها پێویستی ١٥ملیارم٣ هەیە ساڵانە، لەم ڕێژەیە ٢٥ ملیار م٣ زیادەی هەیە كە دەتوانرێت بۆ توركیا و عێراق و بڕێكی بۆ ئەوروپا بنێرێت.

بەڵام ڕەنگە ئەمە بۆ هەرێمی كوردستان ئەستەم بێت چونكە لە ڕووی جیۆپۆڵەتیكیەوە مامەڵەكردن و بڕیاردان لەسەر گازی سروشتی لە هەرێمی كوردستان تەنها ڕەهەندێكی ناوخۆیی نیە، بەڵكو بە پێچەوانەوە ڕەهەندێكی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە. بوونی ئەم یەدەگی گازە و ناردنەدەرەوەی دوبەرەی گەورەی وەك ڕوسیاو ئێران لە لایەك و ئەمریكاو ئەوروپا و توركیای لە لایەكی ترەوە هێناوەتە سەرخەتی ململانێ. قبوڵكردنی بۆ ووڵاتێكی دراوسێی وەك ئێران ئەستەمە كە

[١] لێدوانی یەكێك لە پەرلەمانتارانی كوردستان سەبارەت بە ڕێژەی هەناردەكردنی نەوت لەم كابینەیەدا لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/٢

[٢] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕیز د. ئەرشد طە، ڕاوێژكاری ئابووری پەرلەمانی كوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/١٢

[٣] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ كەسێكی شارەزا لە بواری وزە كە نەیویست ناوی لەم توێژینەوەیەدا بهێنرێت لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/١٠

[٤] هەمان سەرچاوە

[5] Ali Mamori, Russia's Lavrov in Iraq, looks for sanctions relief Read more: https://www.al-monitor.com/originals/2023/02/russias-lavrov-iraq-looks-sanctions [accessed at 14Feberuary 2023]

[6] Dr. Matthew Zais, Developing the Natural Gas Sector in the Kurdistan Region of Iraq, UNITED STATES DEPARTMENT OF ENERGY, January 2021.

هەرێمی کوردستان ببێت بە جێگرەوەی بۆناردنی گاز بۆ عێراق و تورکیا بە هەمان شێوە بۆ ڕوسیاش ئەستەم ئەبێت کە جێگرەوەیەکی بۆ دروست ببێت بۆ وولاتانی ئەوروپا[١]. بەڵام زۆر گرنگە بۆ هەرێم لە ئێستادا خۆی بکاتە پردی پەیوەندی نە گۆڕەپانی ململانێ لەو پێناوەشدا دەبێت ببێتە یاریکەرێکی چالاك بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا.

**دووەم: دەستڕاگەیشتن بە بازار (Accessibility)**

فرۆشتن و دەستڕاگەیشتن بە بازاری دەرەکی بە یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی ئاسایشی وزە دادەنرێت. لێرەدا ڕەنگە مەچەشەنکردنی کڕیار یان گەرەنتیکردنی هەمەچەشەنکردنی خواست لە وولاتان و کۆمپانیا جیاوازەکان مەبەستی سەرەکی بێت. هەمەچەشەنکردنی خواست بە جۆرێك یەك وولات و یەك کۆمپانیا نەبنە کڕیاری سەرەکی وزەی وولات، بۆنمونە تەنها کۆمپانیایەك نەبێتە کڕیاری سەرەکی و کۆنترۆڵی کڕینی نەوت بکات واتە تێکەڵەیەکی هەمەچەشەن لە کۆمپانیای گەورەو مامناوەند و بچوك لە چەند وولاتێکی جیاوازەوە وەك کڕیار ئامادە بن وزەی بەرهەمهاتووی لێ بکڕن.

لە جیاتی یەك ڕێگە بۆ ناردنی وزە بۆ بازاڕی دەرەکی باشترە چەندین ڕێگە هەبێت. عێراق نمونەیەکی تاڕایەك سەرکەوتوو بووە لەساڵانی ١٩٨٠ کاندا، بۆنمونە تەنها لە هەناردەکرنی نەوتدا بۆ دەرەوە عێراق خزمتگوزاریی هەمەچەشنی بەهێز بوو. بۆنمونە بۆری کەرکوك-جیهان (تورکیا) و عێرق-عمان و سعودیە-عێراق، ئەمەو بێجگە لە ڕێگەی سەرەکی ئاوی کە بەندەری فاوە. ڕێگاکانی ناردنی نەوت لە سعودیە بۆ دەرەوە بریتین لە دوو بۆری سەرەکی: ئەویش بۆری ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات کە بەستراونەتەوە بە دەریای سورو دەریای ناوڕاستەوە. وە کڕیارانی نەوتی سەرەکی سعودیە بریتین لە صین، کۆریای باشوری، هندستان و یابان و ئەمریکا وهەندێك لە وولاتانی ئەورپاو ئەمریکای لاتین. بۆیە دەبینین ستراتیجیەتی سعودیە لە ڕوی هەمەچەشنکردنەوە بەهێزە.

سەبارەت بە هەمە چەشنکردنی کڕیار تا ئێستا ناڕوونە چەند کۆمپانیا نەوتی هەرێم دەکڕن و بگرە نازانرێت بۆ چ وولاتێکیش دەڕوات ئەو زانیارییە باوەی هەیە کۆمپانیاکانی ئیتاڵیاو هەنگاریا و یۆنان وئیسرائیل کڕیاری سەرەکین[٢]. ئەوەی زانراوە نەوتی هەرێم لە خوار نرخی بازاڕەوە دەفرۆشرێت بەڵام بەزانیاری وورد و پشتڕاستکراوە تا ئەم ئەم ساڵانەی دوای بەردەست نەبوو دوای ووردبینی کردنی فرۆشتنی نەوەت لەلایەن کۆمپانیای دیلۆیتەوە لە ئێستادا زانیاریەکان بەردەستن.

سەبارەت بە هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی گواستنەوەو بەهێزکردن وبنیاتنانی ژێرخانی وزە وەك ناردنی نەوت بە بۆری، هەرێم تەنها لە ڕێگەی بۆری کوردستان-جیهانەوە نەوت دەنێریت و بڕێکی

---

[1] BARAM, AMATZIA, Iraq at a crossroads: Kurdish energy competition with Iran: available at: https://www.gisreportsonline.com/r/kurdish-energy-competition-iran/ [accessed: 27 Feberuray 2023].

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. شاڵاو عبدالخالق محمد شارەزا لە بواری ئاسایشی وزەی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٠٢١ /١٢/١٣

کەم لە نەوتەکەی بەڕیگەی ووشکانی بەتەنکەر بۆ ئێران و تورکیا دەڕوات. بۆیە بوونی ڕێگایەکی تر بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ هەمەچەشنی ڕێگاکانی ناردنی نەوت. لە ئێستادا تاکە ڕێگە لەبەردەست هەرێمدا هەبێت تەنها تورکیایە. کە تورکیا و کۆمپانیایەکانی وەك کار و گازبرۆم سودێکی باش لەو ڕێکەوتنامەیە دەبینێت. سەبارەت بەم پرسە بەرێز د.ئەرشد ووتی هەرێمی کوردستان محکومە بە هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی، ئێران و تورکیا و سوریاو عێراق کورد وەك مەترسی دەبینین لەسەر ووڵاتەکانیان[1]. بۆنمونە لەگەڵ عێراق هەرێم ناکۆکیەکی قوڵی هەیە لەمەسەلەی نەوت وگازدا چونکە ئیستا عێراق لە دادگای نێودەوڵەتی سکاڵای لەسەر هەرێم هەیە، لە ناوخۆشدا لە دادگای فیدراڵی بڕیار دراوە کە کۆی پرۆسەی بەرهمهێنان و فرۆشتنی نەوت نادەستوریيە[2]. لە ٢٠١١ هوە سوریا نائارامە و شەڕی تێدایە لەم ساتەدا هەرێم بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بیر لە ڕێگەی سوریا بکاتەوە بۆ ناردنی نەوت. میلیشیاکانی سەر بە ئێران چەندین جار هێرشی ناراستەخۆیان کردووەتە سەر کێڵگە گازییەکانی هەرێم و لە ئێستادا ئێران پێی خۆش نیە تەنانەت کە عێراق ووڵاتێکی دراوسێیە ببێتە بەرهمهێنی گاز، کەواتە بە لای ئێرانەوە قبوڵکراو نیە هەرێمی کوردستان ببێتە بەرهەمهێن و هەناردەکەری گاز[3]. ئەم هەڵکەوتە جێۆپۆلەتیکیە تەنها تورکیای لە باکورەوە وەك تاکە بژاردەیەك هێشتووەتەوە بۆ ناردنی نەوتی هەرێم کە وەك پاسچە و منسور بڕوایان وایە کە هەرێم و توکیای کردوە بە هاوبەشێکی ئاڵۆز[4].

لە لایەکی ترەوە ساڵی ٢٠١٤ عێراق لە دادگاری نێوبژیوانیکردن لە ژوری بازرگانی لە پاریس سکاڵای یاسایی لە سەر تورکیا تۆمارکردووە کە کرۆکی سکاڵاکە بریتییە لە تۆمەتبارکردنی حکومەتی تورکیا کە بەبێ ڕِەزامەندنی حکومەتی عێراق ڕێگەی بە هەرێم داوە لە ڕێگەی تورکیاوە نەوت هەناردە بکات. لە ئێستادا ئەم دۆسێیە بۆ لایەنی عێراق یەکلای بووەتەوە. بەپێی بڕیارەکەی دادگا، حکومەتی عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ) تاکە لایەنی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی کارەکانی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە[5]. لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا ئەگەر تورکیا و هەرێم ئەو بڕیارە پشتگوێ بخەن ئەوکات بە یاسایی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەبێتە نەوتێکی قاچاخ و لە ئەنجامدا ناتوانرێت وەك پێویست بفرۆشرێت. لێرەدا تاکە بژاردەی هەرێم گەڕانەوەی بۆ عێراق.

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. ئەرشد طه، ڕاوێژکاری ئابووری پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/١٢

[2] بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر سکاڵای ژمارە ١١٠/ ٢٠١٩ لە ٢/١٥/ ٢٠٢٢لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە ٤٦٦٨ لە ٢٨ شوباط ٢٠٢٢ لەم ماڵپەرە بەردەستە:

https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4668.pdf[accessed 26 March 2023

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. ئەرشد طه، ڕاوێژکاری ئابووری پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/١٢

[4] Paasche, Till F., and Howri Mansurbeg. "Kurdistan Regional Government–Turkish energy relations: a complex partnership." Eurasian Geography and Economics 55, no. 2 (2014): 111-132.

[5] Iraq wins case against KRG's independent oil exports; available at: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/25032023 [accessed at:1 April 2023]

سەرەڕای ئەمە خاڵی گرنگ بۆ وولاتی بەرهەمهێنی وزەوە ئەوەیە تەنها ئامانجی نەبێت لە هەمەچەشنکردنی کڕیار و ڕێگاکانی ناردنی وزە بۆ دەرەوە، بەڵکو پڕکردنەوەی پێداویستیە ناخۆییەکان بێت لە بڕی پێویست لە نەوت وگاز و وەگیراوەکانیان. دەستڕاگەیشتن بە وزە وەك یەکێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ وولاتانی بەرهەمهێن بریتیە لە پاراستنی ژێرخانی وزە وەك تۆکمەی تۆڕی گواستنەوە و دابەشکردنی وزە لە ناوخۆدا و گەیاندنی بە وێستگەکانی کارەبا، و گەیاندنی بڕی پێویستی وزە بە پاڵاوگەکانی وولات بە جۆرێك ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن بە بێ پچڕان کار بکەن. زیاتر لەوەش هەمەچەشەنکردنی ناوخۆیی واتە شان بەشانی بوونی سوتەمەنی وەك نەوت و گاز بۆ ناوخۆ بەڵکو پێویستی بە تێکەڵەیەك لە سەرچاوە جیاوازەکانی وزە هەیە وەك وزەی بایۆماس، هەوا، ئاو و خۆر ئەم جۆراوجۆری وزەیە بۆ ماڵان و بۆ سێکتەرە جیاوازەکانی ئابووری فەراهەم کردبێت. هەمەچەشنکردنی جوگرافی/مکانیش گرنگە واتە لە چەند شوێنێکی جیاواز و بڵاو بە وولاتدا دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی وزە هەبێت، بە شێوەیەك لە ئەگەری هێرش و ڕوداوی سروشتی و لەکارکەوتن لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا، نەبێتە پەککەوتنی کۆی دامەزراوەکانی وزە. بۆنمونە باشترە بۆ وولاتی بەرهمهێن لە بری دروستکردنی یەك پاڵاوگەی نەوت لەیەك ناوچەدا زیاتر لە یەك پاڵاوگەی هەبێت لە چەند شوێنێکی جیاوازدا، لە بری ناردنی یەك بۆری بۆ هەناردەکردن و گواستنەوەی ناوخۆیی، زیاتر لە چەندین بۆری لە چەندین شوێنی جیاوازەوە هەبێت. بڵاو بوونەوەی جوگرافیای دامەزراوە وزەیەکان نەك هەر متمانەپێکراوی گشتیان باشتر ئەکات، بەڵکو تەواوی تۆڕی دابەشکردنەکە پارێزراوتر و خۆڕاگرتر دەکات لەبەرامبەر تێکچوونی بەرێککەوت، شکستی سیستەمەکان، یان هێرشی بەئەنقەست. پەرشوو بڵاوی جوگرافی خزمتگوزارییەکانی وزە گەرەنتی زیاتری یەکێك لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئاسایشی وزە دەستەبەر دەکات، بە جۆرێك لە ئەگەری مەترسی بۆ سەر پێگەیەك و لەکارکەوتنی، نابێتە لەکارکەوتنی کۆی سیستەمەکە[1].

ئەگەر بێت و لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئاسایشی وزە بکەین لە هەرێمدا، دەبینین لە خاڵی تایبەت بە هەمەچەشنکردندا هەرێم خاڵی لاواز و بەهێزی هەیە. بۆنمونە لە هەمەچەشەنکردنی بەکارهێنانی نەوت وگازدا لە بواری ناوخۆدا، بە دروستکردنی سێ پاڵاوگە تارادەیەکی کەم توانیوێتی پێداویستیە ناوخۆییەکان پڕبکاتەوە. بۆنمونە هەرێم پێویستی بە ٦ ملیۆن لیتر بەنزین هەیە رۆژانە بەڵام لە ئێستادا هەرێم توانای دابینکردنی تەنها ٣ ملیۆن لیتر بەنزینی هەیە، کەواتە ٣ ملیۆن لیتر لە دەرەوە هاوردە دەکات. سەبارەت بە نەوتی سپی بۆ ماڵان، ساڵانە هەرێم پێویستی بە ٢٥٨ ملیۆن لیتر دەبێت ئەگەر بۆ یەك ماڵ تەنها ٢٠٠ لیتر دابین بکرێت، لەم ساڵدا ٢٠٢٣ حکومەت توانیوێتی تەنها ٧٠ ملیۆن لیتر دابین بکات، واتە کەمتر لە ٣٠%. سەبارەت بە بوونی وزەی کارەبا هەرێم ئەوەندە وێستگەی کارەبای هەیە کە بتوانێت زیاتر لە ٧٠٠٠ میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێ کە بەتەواوەتی پێداویستیەکانی ناوخۆ پڕبکاتەوە. بەڵام لەبەر نەبوونی سوتەمەنی پێویست بۆ

---

[1] Sovacool, Benjamin K., and Marilyn A. Brown. "Competing dimensions of energy security: an international perspective." Annual Review of Environment and Resources 35 (2010): 77-108.

كارپێكردنی وێستگەكان لە ئێستا ئەوەندە گاز بەرهەم دێت كە تەنها ٣٥٠٠ میگاوات كارەبا بەرهەم بهێنێت. هەرێمی كوردستان ڕۆژانە تەنها بۆ پێداویستی ناوخۆیی پێویستی بە ٨٥٠ ملیۆن م٣ گاز دەبێت ڕۆژانە بۆ بەرهەمهێنانی بڕی پێویست كارەبا بۆ پێداویستی ناوخۆ. بەڵام لە ئێستا تەنها ٤٥٠-٥٠٠ ملیۆن م٣ گاز بەرهەم دێت. كەواتە تەنها ٥٥% پێداویستی هەرێم لە گازی سروشتی دابین كراوە[١]. شان بەشانی نەوت و گاز هەرێم نەیتوانیوە سود لە سەرچاوەكانی تری وزە ببینێت وەك خۆر و هەوا بۆ بەرهەمێنانی كارەبا. سەبارەت بەم پرسە د. ئەرشد بڕوای وایە لەبەر نەبوونی پلان نەتوانراوە سود لە وزەی خۆر و با ببیرێت كە ڕۆژانە ئەمانتوانی بۆ ماوەی ٨ كاتژمێر سودی لێببینین. لە ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتیەكان لە پلانیدایە كار لەسەر بەرهەمێنانی وزەی نوێبووەوە بكات بەڵام هەرپلانە و شتێكی ئەوتۆی كرداری دیار نیە[٢].

سەبارەت بە هەمەچەشنكردنی جوگرافی/مكانی واتە لە چەند شوێنێك دامەزراوەكانی خزمەتگوزاری وزە هەبێت بۆ ئەوەش زیاتر ڕەهەندی دەستڕاگەیشتن بە وزە دەستەبەر بكرێت. وەك دەبینین لە هەرێمدا زۆرێك لە شوینی دەرامەتە سروشتیەكان یان زۆر نزیكن لە ناوچە جێناكۆكەكان یان بەشێكیان كەوتوونەتە شوێنی جێناكۆكەكان كە وەبەرهێنان لەم ناوچانەدا تاڕادەیەكی زۆر ریسكە بۆ وەبەهێنەری بیانی. سەرە ڕای ئەوەی كوردستان سێ پاڵاوگەی هەیە و دەتوانن ڕۆژانە بەشێكی باش لە پێداویستیە ناوخۆییەكان پڕ بكاتەوە بەڵام لە ئێستا حكومەت ناتوانێت نەوتیان بداتێ لەبەر ئەوەی پێویستی بەوەیە نەوتەكەی بفرۆشێت و پارەی پێویست بۆ دابینكردنی موچەی فەرمانبەران بە دەست بهێنێت. بێجگە لەوەی هەرێم پابەندێتی دارایی زۆریشی لەسەرە كە زۆر دەست كراوە نیە. سەبارەت بە دامەزراندنی پاڵاوگەی نوێ د.ئەرشد پێی وایە كە وەبەرهێنەرانیش بەدوای قازانجی خێراوەن وەك دروستكردنی یەكەی نیشتەجێ بوون، نایانەوێت كار لە پرۆژە قازانج دور مەوداكاندا بكەن، چونكە بارودۆخی عێراق بەگشتی لەڕوی سیاسی و ئابوورییەوە سەقامگیر نیە بۆیە وەبەرهێنەری بیانیش زەحمەتە بێت و بڕێكی زۆر سەرمایە بخاتەكار بۆ دروستكردنی پاڵاوگە و ڕاكێشانی بۆری و بنیاتنانی ژێرخانی وزە[٣]. لە ئیستاشدا حكومەت ناتوانێت خۆی پێی هەستێت لەبەر قەیرانی دارایی و كەڵەكە بوونی قەرزاەكانی هەرێم كە بە زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت. جگە لە بوونی بەربەستی سیاسی لەسەروی هەموویانەوە دامەزراوە خزمەتگوزارییەكانی وزەش كاریگەر بوون بە فاكتەرە سیاسیەكان. بۆیە دەبینین بەنزین ونەوت و گازی بەهەرم هاتوو بەشی پێداویستی ناخۆیی ناكەن بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیە ناوخۆییەكانی لە بەنزین و نەوتی سپی هەرێم پشت بە ئێران و توركیا دەبەستێت. ڕەنگە بۆ ناوچەیەك كە دەوڵەمەند بێت بەوزە، تا ئێستا پێداویستیەكانی خۆی لە دەرەوە پڕبكاتەوە ببێتە خاڵێكی لاواز كە لە ماوەی چەندین ساڵدا نەیتوانیوە ژێرخانێكی بەهێز بنیات بنێت بۆ گۆڕینی وزەی خام بۆ بەكارهێنان. لەئێستا تاكە خاڵی نیمچە بەهێز بۆ هەرێم بریتیە لە گۆڕینی چەندین ویستگەیی كارەبایی كە ڕاستەوخۆ بە

[١] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. ئەرشد طە ڕاوێژكاری ئابووری پەرلەمانی كوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/١٢
[٢] هەمان سەرچاوە
[٣] هەمان سەرچاوە

وێستگەکانی بەرهەمێنانی گازەوە بەستراونەتەوە.

**سێیەم: گونجاوی نرخی وزە، بەهێزکردن وبەنیشتمانیکردنی کەرتی وزە (Affordability)**

زیاتر لە ٥٠% ئەدەبیاتی وزە پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە گونجاوی نرخی وزە ڕەهەندێکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی وزە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەڵام هەژار بە وزە خێزانەکان بەشێك لە داهاتیان بۆ خزمەتگوزارییەکانی وزە تەرخان دەکەن لەبەر ئەوە دەبینین زۆرێك لە وڵاتان لە هەوڵی ئەوەدان کە بتوانن وزە بە نرخێکی معقول دابین بکەن کە ڕەنگە ئەمە ببێتە دەستکەوتێکی ئابووری و لە هەمان کاتدا ببێتە دەستکەوتێکی سیاسیش بۆیان. بەڵام بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵکشانی نرخی وزە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان، نرخی کاڵا، بەرهمهێنان و دروستکردنی خۆراك، قوماش و ڕستن و چنین و کاغەز و چیمەنتۆ و... هتد چونکە وزە کۆی ١٥% تێچووی ئەو بەرهەمانە پێکدەهێنێت[1]. خزمەتگوزارییەکانی وزە نەك هەر دەبێت بەنرخێکی گونجاو بێت، بەڵکو دەبێت نرخەکانیان جێگیر بێت کاتێك نرخی وزە بەشێوەیەکی گەورە بەرزو نزمی دەکات، کڕیاران بە زەحمەت دەتوانن لە پلانی وەبەرهێنانی خۆیان ووریا بن. بۆنموونە ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخی سوتەمەنی و بەتایبەت گازی سروشتی لە وڵاتانی ئەوروپا وای کردووە کە نرخی سوتەمەنی ماڵان زیادی کردووە نرخی کارەبا زیادیکردوە نرخی تێچووی بەرهەمهێنانی شمەك و کاڵا زیادی کردووە. ڕەهەندێکی تری گونجاوی نرخی وزە پەیوەندی بە کوالیتیەوە هەیە تەنانەت ئەگەر نرخەکەی کەم بێت و جێگیریش بێت، بەڵام بەکارهێنەران و کۆمپانیاکان وکارگەکان پێویستیان بە کۆمەڵێك سوتەمەنی و خزمەتگوزاری و کوالیتی بەرز هەیە.

سەبارەت بە وڵاتانی دابینکەرو هەناردەکەری وزە دەبینین وێنەکە تەواو پێچەوانەیە. لەڕوانگەی ڕەهەندی گونجاوی نرخی وزە بۆ هەناردەکار ڕەنگە باشترین بژاردە بریتی بێت لە پارێزگاریکردن لە مانەوەی نرخی وزە بە بەرزی. بۆنموونە هەمیشە وڵاتانی ئۆپیك لە هەوڵی ئەوەدان نرخی نەوت لە سەرو ١٠٠$ بێت بۆ یەك بەرمیل. چونکە نەوت بووەتە تاکە سەرچاوەی بودجەی زۆرێك لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت. بۆنموونە وڵاتێکی وەك عێراق و نیجیریا زیاتر ٩٠% بودجەکەیان لە نەوتەوەیە، بە دابەزینی نرخی نەوت کارەساتی ئابووری ڕوودەدات.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین بەشێکی زۆری بودجە و موچەی فەرمانبەران لە داهاتی نەوتەوە دێ، لە ڕابردوودا بینیمان لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠٢٠ کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە موچەی فەرمانبەرێکی ئاسایی بە ڕێژەی ٥٠% بەرەو ژورتر کەمیکردبوو. زۆرێك لە پرۆژەکانی حکومەت وەستا بوون، دەتوانم بڵێم بازاڕ و سێکتەرەکانی ئابووری بە جزئی وەستا بوون. لەبەر ئەوە ئەگەر بۆ وڵاتێکی تر تەنها قەیران بێت ئەوە بۆ هەرێمی کوردستان دووجار قەیران دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان تەنها نەوت هەناردە دەکات لە کاتێکدا وڵاتانی

---

[1] Sovacool, Benjamin K., and Marilyn A. Brown. "Competing dimensions of energy security: an international perspective." Annual Review of Environment and Resources 35 (2010): 77-108.

تر شان بەشانی نەوت ڕەنگە گازی سروشتی و هەندێ شمەك وكاڵای تر هەناردە بکەن. لە لایەکی ترەوە هەرێم دەوڵەت نیە و ناتوانێت لە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان قەرزی درێژخایەن بکات بەڵام ووڵاتانی تر دەتوانن. زیاتر لەوەش ووڵاتانی تر یەدەگی بانکیان هەیە، بۆنمونە عێراق لە ئێستادا زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار یەدەگی بانکی هەیە ئەگەر نرخی نەوت دابەزین بە خۆیەوە ببینێت ڕەنگە بتوانێت تاماوەیەکی دیاریکراو لەسەر پێی خۆی بوەستێت. بەڵام هەرێم نەك خاوەنی یەدەگ نیە بەڵکو قەرزاری زۆرێك لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری دەرهێنانی نەوتە و لەگەڵ ئەوەشدا قەرزاری کۆمپانیا لۆکاڵیەکانە و لە ٢٠١٤ تا ئێستا بڕی قەرزەکانی هەرێم بە ٣٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لەلایەکی ترەوە گونجاوی نرخی وزە ڕەنگە تەواو مانایەکی پێچەوانەی هەبێت بۆ ووڵاتانی هەناردەکار ئەویش بە پارەی وزەی بەدەستهاتوو ووڵاتان پێویستە ژێرخانێکی بەهێزی وزە بۆ خۆیان بنیات بنێن وەك بنیاتنانی کۆمپانیای نیشتمانی کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی کێبڕکێ لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکاندا بکات، یان شان بەشانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان وەبەرهێنان لە وزەدا بکەن. بۆنمونە سعودیە خاوەنی ئارامکۆیە کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بواری وزەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هەروەها ئێران و عێراق لە رابردوودا پێشەنگ بوون لەم بوارەدا. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە یاسای نەوت وگازی هەرێمدا لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕیار دراوە بەدروستکردنی کۆمەڵێك کۆمپانیای نیشتمانی وەك کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت، کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت، کۆمپانیای کوردستان بۆ بازارکردنی نەوت، کۆمپانیای نەوت بۆ پرۆسەی پاڵاوتن و پاشکۆکانی نەوت[١]. پاشان پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١٥ی دەرکرد بە ناونشانی "یاسای صندوقی داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق"[٢]. بەڵام تائیستا هیچ کام لەم کۆمپانیایانە دانەمەزراون. کە دەکرا لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیانەوە مامەڵەیەکی تەندروستر لەگەڵ گرێبەست و کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان بکرایە. ئەمە وسەرباری ئەوەی بەدامەزراوەیی کردنی کەرتی وزە ببێتە هێزێکی نیشتمانی و بە هاوبەشی شان بەشانی کۆمپانیا بیانیەکان کاریان بکردایە و پرۆسەی فێربوون لە کۆمپانیا بیانیەکان لە پێشینەی کارەکانیان بوایە. بەڵام بە هۆی نەبونی ئەم دامەزراوە نیشتمانیانەوە لە ئێستادا هەرێم خاوەنی ئەو هێزە لە تەکنۆلۆجیا و توانای لۆجستی نیە کە بتوانێت سیستەمی وزەی خۆی کۆنترۆڵ بکات[٣]. هەرچەندە پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمدا تەنها لەسەرەتاییدایە بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی وەك لە یاسای نەوت و گازدا هاتوون تەنها لەسەر کاغەز

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەت بڕوانە ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان:
https://www.parliament.krd/media/2379pdf [accessed at: 2 Feberuary 2023]

[٢]. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەت بڕوانە ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان
https://www.parliament.krd/media/2379pdf [accessed at: 2 Feberuary 2023]

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. شالاو عبدالخالق محمد  شارەزا لە بواری ئاسایشی وزەی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/١٣

ماونەتەوە و تا ئەم ساتەش هیچ یەکێك لەو کۆمپانیایانە دانەمەزراون. کە ئەمەش خاڵێکی لاوازە لە برەودان بەنیشتمانیکردنی سیکتەری وزە و بە دامەزراوەیکردنی پیشەسازی نەوت وگاز لە هەرێمدا.

## چوارەم: ڕەهەندی قبوڵکردنی وزە (Acceptability)

یەکێکی تر لە ڕەهەندە سەرەکیەکانی ئاسایشی وزە بریتیە لە قبوڵکردنی وزە کە ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ پەیوەندی بە بابەتی ژینگەوە هەیە لە ئێستادا. ڕاپۆرتی بروتلاند ساڵی ١٩٧٨ کە لە ژێر ناونیشانی داهاتووی هاوبەشمان:" کۆمسیونی جیهانی ژینگە و گەشەپێدان" بڵاوکراوەتەوە کە دابینکردنی پێداویستیەکانی ئێستا لە وزە بەبێ بەکارهێنان و دەست بردن بۆ سامانی نەوەکانی داهاتوو[١]. بە پێی سۆڤاکۆل و ماریلین قبوڵکردنی وزە ئەوەیە ئیش لەسەر گەشەپێدانی بەردەوامی بکەین کە ئەویش کارکردنە لەسەر سێ پرەنسیپی سەرەکی: ڕێژەی وەبەرهێنان لە سەرچاوە نوێبووەکان لە ڕێژەی وزەی دووبارە دروست نەبوونەوەکان زیاتر بێت، دەردانی پاشماوەکان کە بەهۆی بەکارهێنانی وزەوە دروست دەبن لە ئیکۆ سیستەمەکان زۆرتر نەبن، گەرەنتی کردنی ئەوەی کە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە تەنها بەڕێژەیەك کەم دەبنەوە کە وزەی نوێبووەوە وەك بەدیل لەبەرامبەریاندا دروست بکرێن[٢].

بەڵام بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان ڕەهەندی قبوڵکردنی وزە مانایەکی جیاوازتری هەیە ئەویش زیاتر ئابووریانەیە. ئەو وڵاتانەی دەوڵەمەندن بە وزە دروستکردنی پیشەسازی پترکیمیاویات لە ئەولەویێتی کارەکانیاندایە. خاڵێکی تر خەزنکردنی پارەی بەدەستهاتووی وزە بۆ جیلی داهاتوو وەك نەرویج. بەهۆی بەکارهێنانی پارەی وزەوە بۆ بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووری وەك وڵاتانی کەنداو ئەمان بوونەتە هۆی ئەوەی بوونی وزە بووەتە خێر و قبوڵکراو بێت لە لایەن خەڵکەوە.

بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە بۆ کۆمەڵێك وڵاتی تری وەك نیجیریا و فەنزویلا و عێراق. کە بە پێچەوانەی نەرویجەوە بگرە کۆی داهاتی ئێستا بەشی بودجە زەبەلاحەکەیان ناکات، چۆن پارە هەڵبگیرێت بۆ جیلی داهاتوو. نەوەك سود لە داهاتی وزە نەبیزاوە بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووی بەڵکو وزە بووەتە هۆی ئەوەی سێکتەرەکانی تری ئابووری کاری خۆیان نەکەن، زیاتر لەوەش وزە بووەتە هۆی بەهێزکردنی دراوی لۆکاڵی وولات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەر کاڵایەك بێتە ژورەوە بەهەرزان دەکەوێت بۆ هاووڵاتیان. بۆیە دەبینین وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆییان لاوازە، کەهەندێ جار بە وولاتی پاشکۆی دەرەکی دەناسرێن. لە ئەنجامدا دەبینین هەمەچەشنەی ئابووری لاوازە. هەروەها بوونی پارەی لێشاوی وزە بوەتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر پشت بە حکومەت ببەستن بۆ دۆزینەوەی کار، بۆیە زۆرجار سێکتەری گشتی دەبێتە تاکە شوێن بۆ دۆزینەوەی کار، ئەمەش دەبێتە هۆی بیکاری ژێر پەردە. دەبینی حکومەت

[1] Imperatives, Strategic. "Report of the World Commission on Environment and Development: Our common future." Accessed Feb 10 (1987): 1-300.

[2]. Ibid.

بووەتە باوكی خەڵك هەر لە دۆزینەوەی كار، شوێنی نیشتەجێ بوون، پێدانی هاوكاری بۆ مەبەستی جیاواز بەڵام لە بەرامبەردا بێدەنگ كردنی خەڵك و نەدانی باج و لاوازی لێپرسینەوە لە وولاتدا. لە وولاتانی دەوڵەمەند بە وزە كارامەیی دانیشتوانەكەیان لە ئاستێكی نزمدایە، گرنگ ئەوەیە ئەو كەسەی كاری حكومەت وەردەگرێت وەك فەرمانبەری میری بۆ ماوەی چەند كاتژمێرێك لەو فەرمانگەیە بباتە سەر، لێرەدا بەرهەمدار بوون یان نەبوون پێوەر نیە، بەڵكو دۆزینەوەی كارە بۆ دانیشتوان. ئەمەش لەلایەن كۆمپانیا نێودەوڵەتیەكانەوە بە تەواوی هەستی پێكراوە كاتێك پۆستێك رادەگەیەنن دەبینین ئەو كەسانەی دێنە پێشەوە كەمترین كارامەیی پێویستیان نیە بۆ وەرگرتنی كارەكە، كۆمپانیاكە ناچارە كەسەكە لە دەرەوە بهێنێت.

ئەمانەی سەرەوە باسمان كردن لە هەرێمی كوردستاندا بەتەواوەتی هەستی پێدەكرێت تاكە خاڵێك كە هەرێمی كوردستانی پێ جیا بكرێتەوە بریتییە لە نەبوونی دیدگای هاوبەشی حیزبە سیاسیەكانی دەسەڵات. ناكۆكیەكانی نێوان یەكێتی و پارتی لەسەر پرسی وزە بزوێنەری زۆرێك لە گرفتەكانن. ئێستا لە هەرێمدا "دوولەتكردنی جوگرافیای هەرێم و دووبارە یەكگرتنەوەیەكی لەرزۆك لەسایەی جۆریك لە دووئیدارەیی شاراوەدا"[1] كە بە تەواوەتی قوڵ بووەتەوە و وزەش بووەتە چەقی ململانێكانی هەردوو پارت. كە بڕوایان وایە هەر لایەك دەست بەسەر كەرتی وزەدا بگرێت ڕاستەوخۆ ئابووری هەرێم كۆنترۆڵ دەكات، ئەو پارتەی هێزی ئابووری كۆنترۆڵ بكات دەسەڵاتی سیاسیش كۆنترۆڵ دەكات. ئەمەش بە تایبەت لای یەكێتی نیشتمانی مەترسی دروستكردووە وەك بڕوایان وایە بە هۆی كۆنترۆڵكردنی نەوتەوە پارتی پێگەی خۆی بەهێز كردوە لە ڕابردودا ڕەنگە یەكێتی وانەیەك فێر بووە كە نایانەوێت كەرتی گاز بە دەردی كەرتی نەوت بڕوات كە زۆربەی كێڵگە و یەدەگی گاز كەوتووەتە ئەو ناوچە جوگرافیەی كە بە زۆنی سەوز ناسراوە و یەكێتی تێیدا باڵا دەستە. دابەشبوونێكی لەم شێوەیە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە كە سێكتەری وزە لە چواچێوەیەكی نیشتمانی و سیاسەتی حكومی بێلایەندا بەڕێوە ناچێت و بەڵكو ڕۆڵی حیزب و نەبوونی دیگای هاوبەش بە فاكتەرێكی نێگەتیڤ دادەنرێت و قبوڵكردنی ئەم سێكتەری لای خەڵك كردووە بە مەحاڵ.

لەلایەكی ترەوە هەرێمی كوردستا بە پاشكۆی ئابووری توركیا و ئێران دادەنرێت و هەمەچەشنەی ئابووری لە ئاستێكی زۆر نزمدایە، دەتوانین بڵێین كۆی پێداویستیەكانی خۆی لە دەوەرەوە پڕ دەكاتەوە. یەكێكی تر لە خەسڵەتەكانی تری هەرێم بریتیە لە بێكاری ژێرپەردە و ڕەنگە تا چەند ساڵێكی تر هەرێم پێویستی بە دامەزراندنی فەرمانبەری نوێ نەبێت لە فەرمانگە حكومەیەكاندا بگرە ئێستاش زیادەی هەیە لە هەندێ فەرمانگەدا. سەبارەت بەبوونی كارامەیی لە هەرێمدا بە زەقی هەستی پێدەكرێت، لە چاوپێكەوتن لەگەڵ كارمەندێكی پایە بەرزی یەكێك لە كۆمپانیا بەناوبانگەكان دەڵێت: كارمەندەكانی سەرەوەی كۆمپانیاكە بە دەگمەن كوردن، كوردان لەم

[1] د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میكە: ئاڵنگارییەكانی بەردەم قەوارەی هەرێمی كوردستان، ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٧) ئابی ٢٠٢٠.

کۆمپانیایەدا تەنها دەتوانن لە ناوەند یان لە خوارەوە کاربکەن [١]. هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی تردا کارمەندێك دەڵێت: لە یەکێك لە زانکۆ تایبەتەکاندا یەکێك لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان ویستوویەتی چەندین پۆستی ناو کۆمپانیاکە بە توانا ناوخۆییەکان پڕ بکاتەوە بە تایبەت کارەکان بدات بە خوێندکارانی دەرچووی بەشێکی ئەندازیاری بەڵام لە کۆی ٢٩ خوێندکار تەنها یەکێکیانی بە شیاو زانیوە[٢]. هەموو ئەمانەی سەرەوە باسمان کرد ڕەنگدانەوەی ئەوەن کە بوونی وزە لە هەرێمدا نەك قبوڵکراو نیە لە ئێستادا بەڵکو بگرە بووەتە جێگەی نیگەرانی بۆ هاووڵاتیان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن تاکە خاڵی تر کە هەرێم بێهاوتایە ئەویش شێوازی گرێبەستی نەوت کە بە شێوەی ڕێکەوتنی هاوبەشی بەرهەمهێنان کراون. لە ئێستادا بووەتە بارگرانی بۆ هەرێم چونکە بڕێکی زۆری کۆی داهاتی بەدەستهاتوو بۆ کۆمپانیاکان دەچن وەك شایستەی دارایی دەدرێت بە کۆمپانیاکان. هەرێم لە باشترین حاڵەتدا ٤٤% داهاتی بەدەستهاتووی بۆ دەمێنێتەوە[٣]. تا ئەم ساڵانەی دوایی هەرێم یەك لایەنانە کۆی فرۆشتنی نەوتی ٣مانگ جارێك دەخستە ڕوو، ڕاپۆرتەکان دوادەکەوتن، تێگەیشتنیان سەخت بوو، کۆمەڵێك زانیاری گشتگیر و شلوق بوون، بەم شێوە لە خستەڕووی زانیاری کە لە بواری حکمی چاکدا دەڵێن شفافیەتی زیمبۆی – نیمچە مردو[٤]. بەکورتی دەزگایەکی سەربەخۆی وەك چاودێری دارایی داتاکانی پشتڕاست نەدەکردەوە. بەڵام ئەوە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك دەبێت گرێبەست کراوە لە گەڵ کۆمپانیای دیلۆیتدا بۆ پشتراستکردنەوەی کۆی فرۆشتن و حەقدەستی کۆمپانیاکان، هەرچەندە ئەمەش بەیەکێکی تر لەبارگرانیەکان دادەنرێت بۆ هەرێم بەڵام ڕەنگە ببێتە خاڵێکی بەهێز بۆ زیاتر پشکنین و چاودێریکردنی داهاتی نەوت. سەرباری ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٥ بڕیار دراوە بە دروستکردنی صندوقی داهاتە نەوتی و گازییەکان بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروستر و شەفافتر لەگەڵ داهاتەکاندا بکرێت وە بتوانرێت متمانەی هاووڵاتیانیش بۆ داهاتەکانی ئەم کەرتە بگە ڕێنرێتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەم صندوقە دروستنەکراوە. هەموو ئەم هۆکارانەی سەرەوە بوونەتە هۆی ئەوەی قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی وزە بەو شێوەیەی ئێستا لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە.

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. نیاز نوری شارەزا لە بواری ئابووری لەمانگی ١٠ /٢٠٢١

[٢] ئەم زانیارییە لە مامۆستایەکی بەرێزەوە وەرگیراو کە لە نجامی پێشکەش کردنی بابەتێك هات لە سەر جۆرێتی خوێندن و پەرەپێدانی کارامەیی خوێندکار و نمونەکەشی لەسەر زانکۆکەی خۆی هێنایە.

[٣] گەشەی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نێوان ساڵی ٢٠٢١و ٢٠٢٢ کە بەردەست لەسەر ماڵپەری:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11873 [accessed at 14 Feb 2023]

[4]Zombie Transparency: Lessons from the Extractive Industries: https://aidinfoplus.org/zombie-transparency-lessons-from-the-extractive-industries/[accessed at: 24 March 2023].

## دەرئەنجام

پاش شیكار كردنی پێناسەی ئاسایشی وزە ئەوەمان بۆ ڕوون بویەوە كە چەمكی ئاسایشی وزە وابەستەی چوارچێوەی ئەو ئامانجە ستراتیجیەتەیە كە دەوڵەت و كۆمپانیاكان پلانی بۆ دادەنێت، بۆ وولاتانی هەناردەكار و هاوردەكار ماناكەی دەگۆڕێت. بۆ وولاتانی هاوردەكار چەمكی ئاسایشی وزە بریتیە لە دەستەبەركردن و هەمەچەشنكردنی سەرچاوەكانی دابینكردنی وزە بە نرخێكی گونجا و بە بێ پچران. بەلام بۆ دەوڵەتانی هەناردەكار چەمكی ئاسایشی وزە بریتییە لەدڵنیا بوون لەسەر خواست لەسەر وزەكەیان بەنرخێكی كێبڕكێكار بەمەبەستی دەستەبەركردنی دەرامەتی جێگیرلە ئاستێكی ئاساییدا وپاراستنی وولات لەو شۆكانەی لە بازاری وزەدا دروست دەبن. لە شیكاری سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بویەوە لە هەریمی كوردستاندا تەنها جەختكردنەوە بووە لە سیاسەتی وزە و هیچ دیكۆمێنتێك نیە ئەوەمان بۆ ڕوون بكاتەوە كە چەمكی ئاسایشی وزە لە هەرێمدا چیە و پلانی حكومەت لەو بارەیەوە چیە. ئەو ئەنجامەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەشتووین ئەوەیە هەرێمی كوردستان لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بە وەبەرهێنان دەدات لە بواری نەوت و گازدا. وەك وەبەرهێنەرێكی نوێ، هەرێمی كوردستان لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەكی جێگەكردنەوەی خۆی بێت لەسەر نەخشەی جیهانی وزەدا و زیادكردنی هەناردەكردنی نەوت بۆ دەرەوە و دەستەبەركردنی داهاتێكی جێگیر. سەبارەت بە پرسی ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزە و تواناى جێ بەجێكردنی هەر چوار ڕەهەندەكە (بوون، گونجاوی، دەستڕاگەیشتن، قبوڵكردنی- وزە) بەسەر هەرێمدا، لە ئەنجامی شیكار كردنەوە ئەوەمان بۆ ڕوون بویەوە كە لە بەدیهێنانی ڕەهەندەكانی ئاسایشی وزەدا دەبێت دان بەو راستیە دا بنێین كە هەرێمی كوردستان دوان لەڕەهەندەكانی وزەی بەرەو پێش بردووە ئەویش ڕەهەندنی بوونی وەزە و یەدەگی وزەی برەوپێداوە، لەڕوی دەستراگەیشتن بە بازاڕ هەرێم توانیوویێتی وزەی خۆی بنێرێتە دەرەوە و كڕیاری بۆ پەیدا بكات، بەلام لە ڕووی خۆجێیكردن و بەهێزكردنی توانا ناوخۆییەكانەوە، هەرێم بێهێزە و ناتوانێت سیستەمی وزەی خۆی كۆنترۆڵ بكات بەبێ بوونی كۆمپانیا نێودەوڵەتیەكان، لە ڕووی قبوڵكردنی وزەوە زۆرێك لە داهاتی نەوت دەدرێت بە كۆمپانیاكان. بەدامەزراوییكردنی كەرتی وزە لەئاستێكی لاوازدایە و خەڵكی ناخۆ زۆر كەم لە پیشەسازی نەوتدا كار دەكەن. بۆیە بۆ بەهێزكردنی ئەم دوو ڕەهەندە بژاردەكانی هەرێم لە ئێستادا زۆر سنوردارە. بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر بێت كە سەلامەتی و دڵنیایی ئاسایشی وزە تەنها و تەنها بریتییە لە هەمەچەشنی و جۆراو جۆری: وەك جۆراو جۆری لە ڕێگاكانی هەناردەكردندا، لە كڕیاردا، لە ڕەچاوی بڵاو بوونەوەی مكانی/جوگرافیا دا وەك بنیاتانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەكانی وزەدا، لە پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی ناوخۆدا، تەنانەت جۆراو جۆری لە بەكارهێنان و خستنەگەڕی وزەی پاك و نوێبووەوەدا. بەڵام هەرێم لە بەدیهێنانی هەمەچەشنكردن دا تاڕادەیەكی زۆر لاوازە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن هەرێم سیاسەتی وزەی هەیە ڕەنگە لە ئێستادا فۆکسی هەرێم بریتی بێت لە وەبەرهێنانی زیاترو لەکەرتی وزەدا و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هەرێم کاری لەسەر کردون لە بەرەو پێشبردنی دوو لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە وەك بوونی وزە و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی دەرەکی بۆ ناردنەدەرەوەی وزەکەی بەڵام لە واقیعدا دوو لە ڕەهەندەکانی تر وەك قبوڵکردن و گەشەپێدانی توانا ناوخۆییەکان و بە هێزکردنی ژێرخانی وزە بە بەراوورد بە کەیسی وولاتانی دەوڵەمەند بە وزە، هەرێم زۆر لە دواوەیە. بۆیە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئاسایشی وزە لە هەرێمدا بەهۆی هۆکارە ناوخۆیی و هەرێمییەکانەوە ئاسایشێکی لەرزۆکە و لە ژێر مەترسیدایە.

# سەرچاوەكان

**سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:**

**یاساو بڕیارەكان**


١. بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر سكاڵای ژمارە ١١٠/ ٢٠١٩ لە ١٥/٢/ ٢٠٢٢لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە ٤٦٦٨ لە ٢٨ شوباط ٢٠٢٢ لەم ماڵپەرە بەردەستە: : https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4668.pdf[accessed 26 March 2023]

٢. یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی كوردستان: بەردەستە لە ماڵپەری پەرلەمانی هەرێمی كوردستان: https://www.parliament.krd/business/legislation/%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%A2%D9%A0%D9%A0%D9%A7/ [accessed at: 28 Mrach 2023]

٣. یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە دروستكردنی صندوقی داهاتە نەوتی و گازییەكانی هەرێمی كوردستان، بەردەستە لە ماڵپەری پەرلەمانی هەرێمی كوردستان: https://ln.run/QcTAI [accessed at: 28 Mrach 2023].


**توێژینەوە كوردییەكان:**


٤. د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میكە: ئاڵنگارییەكانی بەردەم قەوارەی هەرێمی كوردستان، ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٧) ئابی ٢٠٢٠.


**سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی**


5. APERC, APERC. "Quest for energy security in the 21st century: Resources and constraints." Asia Pacific Energy Research Centre, Tokyo, Japan (2007).
6. Azzuni, Abdelrahman, and Christian Breyer. "Definitions and dimensions of energy security: a literature review." Wiley Interdisciplinary Reviews: Energy and Environment 7, no. 1 (2018): e268.
7. Biesenbender, Sophie."The EU’s energy policy agenda: Directions and developments." Energy policy making in the EU: Building the agenda (2015):21-40.
8. Center for Energy Economics.Energy security, quarterly.2008ed.Houston,TX: USAID;2008.
9. Cherp, A. and Jewell, J., 2014. The concept of energy security: Beyond the four As. Energy policy, 75, pp.415-421.
10. Cherp, Aleh, and Jessica Jewell. "The concept of energy security: Beyond the four As." Energy policy 75 (2014): 415-421.
11. Dr. Matthew Zais, Developing the Natural Gas Sector in the Kurdistan Region of Iraq, UNITED STATES DEPARTMENT OF ENERGY, January 2021.

12. Baldwin, D.A., 1997. The concept of security. Review of international studies, 23(1), pp.5-26.
13. Vidadili, Nurtaj, Elchin Suleymanov, Cihan Bulut, and Ceyhun Mahmudlu. "Transition to renewable energy and sustainable energy development in Azerbaijan." Renewable and Sustainable Energy Reviews 80 (2017): 1153-1161.
14. Gromov, Alexey, and Nikolay Kurichev. "The Energy Strategy of Russia for the Period up to 2030." Russian Energy and Security up to 2030 (2014): 16-40.
15. Imperatives, Strategic. "Report of the World Commission on Environment and Development: Our common future."
16. International Energy Agency: https://www.iea.org/topics/energy-security [ accessed at: February 10th 2023].
17. Jakstas, Tadas. "What does energy security mean?." In Energy Transformation Towards Sustainability, pp. 99-112. Elsevier, 2020
18. Jewell, Jessica, Aleh Cherp, and Keywan Riahi. "Energy security under de-carbonization scenarios: An assessment framework and evaluation under different technology and policy choices." Energy Policy 65 (2014): 743-760.
19. Karatayev, Marat, and Stephen Hall. "Establishing and comparing energy security trends in resource-rich exporting nations (Russia and the Caspian Sea region)." Resources Policy 68 (2020): 101746.
20. Lesbirel, S. Hayden. "Diversification and energy security risks: the Japanese case." Japanese Journal of Political Science 5, no. 1 (2004): 1-22.
21. Lubell, Harold. "Security of supply and energy policy in Western Europe." World Politics 13, no. 3 (1961): 400-422.
22. Nurdianto, Ditya Agung, and Budy Prasetyo Resosudarmo. "Prospects and challenges for an ASEAN energy integration policy." Environmental Economics and Policy Studies 13 (2011): 103-127.
23. Paasche, Till F., and Howri Mansurbeg. "Kurdistan Regional Government–Turkish energy relations: a complex partnership." Eurasian Geography and Economics 55, no. 2 (2014): 111-132.
24. Penchansky, Roy, and J. William Thomas. "The concept of access: definition and relationship to consumer satisfaction." Medical care (1981): 127-140.
25. Pick, Lisa. "EU-Russia energy relations: a critical analysis." Polis Journal 7, no. Summer (2012): 322-365.

26. Solaymani, S. "A demand-side assessment of sustainable energy security in Iran." International Journal of Energy and Water Resources 4, no. 3 (2020): 307-320; and see: Iran 2030: an advanced connectivity, energy, and manufacturing hub in the heart of Eurasia:
27. Sovacool, Benjamin K., and Marilyn A. Brown. "Competing dimensions of energy security: an international perspective." Annual Review of Environment and Resources 35 (2010): 77-108.
28. Sovacool, Benjamin K., Ishani Mukherjee, Ira Martina Drupady, and Anthony L. D'Agostino. "Evaluating energy security performance from 1990 to 2010 for eighteen countries." Energy 36, no. 10 (2011): 5846-5853.
29. Sustainable Development Commission. "Climate Change: the UK programme 2006: SDC response." (2006).
30. Utegenova, Ailuna R. "Kazakhstan's 2030 development strategy: Significance and results." In OSCE Yearbook 2010, pp. 133-145. Nomos Verlagsgesellschaft mbH & Co. KG, 2011.
31. Valdés, Javier. "Arbitrariness in multidimensional energy security indicators." Ecological Economics 145 (2018): 263-273.
32. Willrich, M., 1976. International energy issues and options. Annual Review of Energy, 1(1), pp.743-772.
33. Yergin, Daniel. "Ensuring energy security." Foreign affairs (2006): 69-82.

**چاوپیکەوتن**

٣٤. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. ئەرشد طه، راوێژکاری ئابووری پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/١٢
٣٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. شاڵاو عبدالخالق محمد  شارەزا لە بواری ئاسایشی وزەی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/١٣
٣٦. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز د. نیاز نوری شارەزا لە بواری ئابووری لەمانگی  ١٠ /٢٠٢٦
٣٧. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسێکی شارەزا لە بواری ئابووری کە نەیانویست ناوی بهێنرێت ٢٠٢٣/٢/٢٢
٣٨. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز بەرێوەبەری کۆمپانیایەکدا  شارەزا لە بواری وزە کە نەیویست ناوی بهێنرێت لە ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/١٠
٣٩. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێزنەرمین معروف ئەندامي ثەرلەماني عێراق  شارەزا لە بواری ئابووری لە  مانطي ٢٠٢١/١١

٤٠. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز فیصل علی شارەزا لە بواری ئابووریدا کە لە رۆژی ١ مانگی ٢٠٢١/١١

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

٤١. افاق الطاقة في العراق: تقرير خاص ضمن كتاب توقعات الطاقة في العالم : وكالة الدولية للطاقة ٢٠١٣.

**ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان:**

42. Ali Mamori, Russia's Lavrov in Iraq, looks for sanctions relief Read more: https://www.al-monitor.com/originals/2023/02/russias-lavrov-iraq-looks-sanctions [accessed at 14Feberuary 2023]
43. BARAM, AMATZIA, Iraq at a crossroads: Kurdish energy competition with Iran: available at: https://www.gisreportsonline.com/r/kurdish-energy-competition-iran/ [accessed: 27 Feberuray 2023].
44. Daniel Workman, Top 15 Crude Oil Suppliers to China, Available at: https://www.worldstopexports.com/top-15-crude-oil-suppliers-to-china/ [accessed at: 2 February 2023]
45. Energy security Reliable, affordable access to all fuels and energy sources Available at: https://www.iea.org/topics/energy-security [accessed at: February, 2023].
46. https://aperc.or.jp/file/2010/9/26/APERC_2007_A_Quest_for_Energy_Security.pdf [accessed at: ٦ February 2023]
47. International Energy Agency: https://www.iea.org/topics/energy-security [ accessed at: February 10th 2023].
48. Iran 2030: an advanced connectivity, energy, and manufacturing hub in the heart of Eurasia: Available at:
49. Iraq at a crossroads: Kurdish energy competition with Iran availableat: https://www.gisreportsonline.com/r/kurdish-energy-competition-iran/[accessed at: 25 March 2023]
50. Iraq wins case against KRG’s independent oil exports; available at: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/25032023 [accessed at:1 April 2023]
51. Japan is nervous about its energy security, Financial Times, Available at :

https://www.ft.com/content/66c37158-801a-11e8-bc55-50daf11b720d [accessed at: 2 February, 2023].

52. Mills, Robin. "Under the mountains–Kurdish oil and regional politics." (2016). Available at: https://www.oxfordenergy.org/wpcms/wp-content/uploads/2016/02/Kurdish-Oil-and-Regional-Politics-WPM-63.pdf [accesst at: 15 February 2023]
53. Organization of the Petroleum Exporting countries: Available at: https://www.opec.org/opec_web/en/about_us/23.htm [accessed 4 February 2023].
54. Overview & Reserves available at: https://www.danagas.com/operations/kri/#overview [accessed at:20 March 2023].
55. Sardar Aziz, Iraqi Kurdistan Gas Resources: The Icarus Adventure available at: https://epc.ae/en/details/featured/iraqi-kurdistan-gas-resources-the-icarus adventure#:~:text=According%20to%20the%20KRG%20Natural,of%20the%20world's%20total%20reserves. [accesst at: 4 February 2023]
56. Total recoverable oil worldwide is now 9% lower than last year, threatening global energy: available at: securityhttps://www.rystadenergy.com/news/total-recoverable-oil-worldwide-is-now-9-lower-than-last-year-threatening-global[accessed at:20 March 2023]
57. Zombie Transparency: Lessons from the Extractive Industries: https://aidinfoplus.org/zombie-transparency-lessons-from-the-extractive-industries/[accessed at: 24 March 2023].

٥٨. بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر سكاڵای ژمارە ١١٠/ ٢٠١٩ لە ٢/١٥/ ٢٠٢٢لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە ٤٦٦٨ لە ٢٨ شوباط ٢٠٢٢ لەم ماڵپەڕە بەردەستە: https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4668.pdf[accessed 26 March 2023]

٥٩. ماڵپەڕی پەرلەمانی كوردستان https://www.parliament.krd/media/2379pdf [accessed at 4 Feburuary 2023]

٦٠. گەشەی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نێوان ساڵی ٢٠٢١و ٢٠٢٢ كە بەردەست لەسەر ماڵپەڕی: ttps://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11873 [accessed at 14 Feb 2023]

٦١. ماڵپەڕی وەزارەتی سامانە سروشتیەكان: https://gov.krd/mnr/ [accesst at: 15 February 2023]